Scanned by CamScanner

هۆنراوەی

هەوێنی حەیات

چەپکێ لەهۆنراوەکانی

پیـــرەلاو

١٤٢٦ کۆچی ٢٠٠٥ ز ٢٧٠٥ کوردی

Scanned by CamScanner

کتێب	:	هۆنراوەی هەوێنی حەیات
دانەر	:	پیرەلاو
تیراژ	:	(١٠٠٠) دانە
کۆمپیوتەر	:	نووسینگەی (هیـوا)
چاپ	:	چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ/هەولێر
ژمارەی سپاردن	:	(٢٥٦) ی ساڵی ٢٠٠٥ی لەوەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ

چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٥

Scanned by CamScanner

ناوەرۆك

لاپەڕە	بابـــەت
٥	پێشەكی
٨	پێشكەش بێ
٩	هۆنراوەی مەولەوی
١١	هۆنراوەی مەحوی
١٣	شیعرەكانم
١٧	موناجاتی خوایە گیان
١٩	قورئان چرایە
٢١	پێغەمبەری ئازیز
٢٣	ئەی هاوەڵان
٢٤	چرای ژیان
٢٦	مامۆستای تێكۆشەر
٢٧	ڕێگەی من
٢٨	ناڵەی دڵ
٣٠	ئارامی گیانم
٣١	پەرتەوازەیی
٣٣	كوردستانی من
٣٥	ئەی لاوینە
٣٦	هەولێری من
٣٨	لاوی بەهۆش
٣٩	خوشكی شیرینم
٤٠	قوتابی كوردین
٤١	ناڵەیەك بۆ فەلەستین
٤٣	كوردستانی جوان
٤٤	ئەی مامۆستای خواویست
٤٦	دەردی هەژاری
٤٨	گوندی بەرگركە
٥١	هاتنت بەخێر
٥٢	ئای لەتاوانم
٥٤	پەشیمانم

Scanned by CamScanner

قاسیدی مەرگ	٥٦
قاسیدی مەرگ	٥٩
چ مەدحێکت بکەم	٦١
پێشوازی دڵ	٦٢
مانگی ڕەمەزان	٦٣
مانگی لێخۆش بوون	٦٥
شەوی قەدر	٦٦
خواحافیزی مانگی ڕەمەزان	٦٨
جـــەژن	٧٠
جەژنی قوربان هاتەوە	٧٢
زیارەتی کەعبە	٧٤
ئامادەی مردن بیە	٧٥
مانگ گیرانی ٥/١٢	٧٦
مۆتەکەی (٩٦)	٧٨
ئیسلام و نەورۆز	٨٠
وشیار بینەوە	٨٢
سۆزێك بۆ یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ	٨٤
تەندروستی نیعمەتە	٨٧
مەنەلۆژی –بایەعی ئەرزاق-	٨٩
قورئانەکەم	٩١
شادی دەباری	٩٣
هۆ بیتوێن	٩٤
زۆر لەمێژە	٩٥
ژوانی خواناسان	٩٩
بولبلێکی لەقەفەس کراو	١٠٦

Scanned by CamScanner

هەڵسەنگاندن

الحمد لله وكفى والصلاة والسلام على رسوله المصطفى وآله المجتنى وعلى من سار على دربه الى يوم اللقاء

لەو ڕۆژەی خودا مرۆڤی دروست کردوە زۆر نعمەتیشی پێ بەخشیوە لەونعمەتانەی کەدیارە نعمەتی زوبانە ئەو زوبانەی کە گفتوگۆی پێ ئەکاتو هەستو نەستی ناو دڵی خۆی پێ دەرئەبڕێت (الم نجعل لە عینین ولسانا وشفتین) بەڵام هەندێك کەس خودا نعمەتەکی تری پێ بەخشیوون کەقسەو باسەکانیان زۆر جوانترو ڕێك ترو پوختره زۆر ڕەوانبێژی وشەو پیتەکان زۆر بەجوانی لەتەنیشت یەکتر ڕیز ئەکەن ئەمەش پێی ئەڵێن (شاعیر) بەراستی شیعر گوتنو نووسین نعمەتێکی خودایە کە تامو لەزتێك و گەرمیو گوڕیەك ئەداتە وشەو پیتەکان بەڵام بەراستی ئەبێ خاوەنەکە کە خودا ئەم بەهرەیەی پێ بەخشیوە لەڕێگای خۆیدا بەکاری بهێنێت.

چونکە زوبان هەم ئەتوانێ لەلایەن چاکەوە بەکاربێت هەم بەلایەنی خراپەوە جائێمە پێویستمان بەزوبانی شیعری جوان وڕێك پێك هەیە کەخزمەت بەدینو خاكو وڵات بکات وەبەهاو ئەخلاقە ڕەسەنەکان زیاتر اهتمام پێ بدات وەدەنگی حەقی ڕاستەقینەی ئێشو ئازارەکانمان بێت تائەوکات بەراستی ئەم جۆرە شیعرە بۆ میللەت ئەبێتە مەرهەم ئەبێتە جێگای فخرو شانازی بۆمان.

هەرکات شیعر گوتن و نووسین بوبەکەسابەتو بۆ گەڕان بە دوای پارەی چەورو جێگای بەرزو بلند ئەوکات ئەم شیعرو نوسینانە هەموی عیلەتن بۆ میللەت.

جا بە فەزلی خودا لەکوردستانی خوماندا شاعیران و نووسەرانی زۆر ڕەسەنو ڕێك پەیدابوون کەبەراستی شیعرەکان ونوسینەکانیان جێ متمانەی خەڵكو دەنگی حەقی ئازارەکانمانو دەنگی ڕەسەنی ئیسلامی کوردن.

لەم شاعیرە لاوانەش پیرە لاو کەبەراستی شیعرەکانی ناخی هەژاندوم وەچەند جارەش دڵۆپ دڵۆپ چاوانی تەرکردووم بەراستی شیعر سحری ووشەن کەکار ئەکەنە سەر هەست ونەستی گوێگرو بیسەر وەك پێغەمبەر خوای فەرموویەتی (ان من البیان السحر). پێخۆشحاڵی بووم کەتەکلیفی نووسینی پێشەکی لێکردم پاش چاوخشانێك بەناوشیعرەکانیدا . . . خودا هەموو لێ قبول بکات وەبیکاتە زەخیرەی دوا ڕۆژی (یوم لاینفع مال ولابنون الامن اتی الله بقلب سلیم).

والحمد لله رب العالمین

مامۆستا/ شێرزاد عبدالوهاب

Scanned by CamScanner

پێشەکی

تەنها بەناوی خوای ڕزق دەری بەبەزەیی

خوێنەری بەڕێز: شیعر بەهرەیەکی مەزنە کە خوای گەورە دەیداتە یەکێك لە بەندەکانی بەمەرجێ ئەو بەندەیە ئەو نیعمەتە بەهەند هەڵبگرێو سوپاسی خوای لەسەر بکاتو بۆ چاکەو خزمەتی دینو ژین بەکاری بێنێ، وە کە بەچاکیو لەجێی خۆی بەکار هات پێم وایە دەورێکی کاریگەری دەبێ لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی بەتایبەتی ئەوڕۆ کە پێم وایەشیعر جێی خۆی لەهەموو جێگایەکدا کردۆتەوەو بازاڕی گەرمە.

جامنیش یەکێکم لەوانەی (الحمد لله) کە خوای گەورە ئەو بەهرە بەنرخەی پێم داوەو هیوادارم توانیبێتم کە ئەو بەهرەیە بپارێزم لەتەمەللوقو مەدحی نابەجێو خوانەخواستە شتێ کەلەگەڵ ئایینەکەم تێك نەکاتەوە, بەیارمەتی خوای بالأدەست بەڵێنتان دەدەمێ کە خۆشم پیس بم بەتاوان لێنەگەڕێم شیعرەکانم توشی شتێك بن کەدەرچون بێ لەیاسای خوای دلۆڤان.

خوێنەری بەڕێز: زۆر لە خوشکانو برایان حەزیان دەکرد شیعرەکانم چاپ بکەم منیش پاش پرس کردن بەچەند برایەکی بەڕێزو لەسەر داوای شیعر دۆستان بڕیارمدا کەبەیارمەتی خوای گەورە بەچاپیان بگەیەنم گەر چی شایەنیش نەبن, ئەو شیعرانەش کەلەچاپ دراون ولەبەردەستی ئێوەی بەڕێزن هەندێکن لەو شیعرانەی برای بچوکتان (پیرەلاو) وەئەوانی تریش لەداهاتوودا کە خوا حەزکا دەگەنە چاپ وەدڵنیاشتان دەکەمەوە کە هەر ڕەخنەو پێشنیارێکتان هەبێ لەسەر چاوانی دادەنێم, چونکە هەموو کەس شتی لێوەردەگیرێو بەسەری دادەرێتەوە جگە لەگەورەمان محمد (صلى الله عليه وسلم) وەحەز دەکەم ئەوەش بزانن کە ئەو شیعرانەی نوسیومن چ ئەوانەی بەردەستتانو چ

Scanned by CamScanner

ئەوانــەش کــە چــاپ نــەکراون مانــدوو بــوونی زۆریــان پێــوە کــراوە وەهەریەکــەو لــەکاتی خۆیانــدا نوســراون خۆشــی یــان ناخۆشــی یــان دیمەنێکی جوان یان خەمێك یان هەواڵێك بونەتە هۆی نووسینی هەریەك لە شیعرەکان، جا هەر کامێك بێ لەجۆرەکانی شیعر لەوانەیە هەندێ جاریش برا سروود بێژەکان داوای شیعرێکیان لەسەر بابەتێك کردووە منیش بۆم نوسیون بەڵام لەناخمدا ئامادەیی نوسینی شیعرەکەم هەبووە ئەوجا توانیومە بینوسم, هیوادارم بەو نووسینە توانیبێتم تاڕادەیەك ئەرکی سەرشانم جێ بەجێ کردبێ خوا لێمی قەبوڵ بکاو ئێوەی کورد زمانیش سودی لێ وەرگرن وەلەئەدەبیاتی ئیسلامیشدا لەکوردستانی خۆشەویستم کەلێنێك پڕ بکاتەوە.

لەکۆتایدا: چونکە من زۆر عاشقی شیعرەکانی مەولەوی‌و مەحویم بۆیە بۆ بەرەکەت داربونی نوسینەکەم شیعرێکی مەولەوی‌و شیعرێکی مەحویم کردۆتە دەست پێکی نوسینەکەی خۆم تا ئێستا دوو جار شیعرەکانم نوسیوەتەوە لەهەر دوو جاریدا هەر لەگەڵ بونەو ئێستاش هەر دەبێ لەگەڵ بن, ئیتر هیوادارم ئەو دیاری‌و یادگاریەی برای بچوکتان (پیرەلاو) قەبوڵ بکەن‌و دوعای خێریشم بۆ بکەن تا خوای گەورە یارمەیتمان بدا بۆ زیاتر خزمەت بەدین‌و گەل‌و میللەتی چەوساوەمان.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

برانان پیرەلاو
هەولێر
هەینی ٢٠/محرم/ ١٤٢٦
١٩/رەشەمێ/٢٧٠٤
١١/ ئازاری / ٢٠٠٥

Scanned by CamScanner

پێشکەش بێ

- بەهەموو ماندووێکی دڵسۆزی ئەو دینە پاکە لەهەموو قوژبنێکی دنیا.
- بەهەموو ئەوانەی سارد نابنەوە وەبەردەوام خەمخۆری ئەو دینەن بەندبن یان ئازاد.
- بەهەموو دۆستانی شیعری ئیسلامی بەتایبەت هاندەرانم بۆ نوسینی شیعرەکان.
- بەدایکی بەرێزم کە هاندەرێکی بەهێزم بوو بۆ بونم بەخەمخۆر بۆ ئەو دینە (بەداخەوە کە تائێستا نەم توانیوە شیعرێکی بەجێی لەسەر بنوسم کەتێرو تەسەل بێ، بۆیە لەم نوسینەدا هیچی لەسەر دایك تێدا نیە هیوادارم بتوانم ئەو حەقە جێ بەجێ بکەم).
- بە خوشکی بەڕێزم دایکی (ئیسرا) کەلەزووەوە پشتوانێکی باشم بوو لەناو خانەوادەکەمان بۆ گەیشتنم بەئەمڕۆ.
- بەهەر پێنج جگەر گۆشەکەم (نوسەیبەو محمد کۆساری‌و بەسۆزو مەولەوی‌و شادومان).
- بەگیانی مامۆستایانی کۆچ کردووم مامۆستا (مەلا عبدالله گوڵانی) کەیەکەم مامۆستام بووە لەقورئان خوێندن‌و مامۆستا (مەلا مغدید) کەتێی گەیاندم ئیسلام فکرو باوەڕە هەموو ئەو شتانەی تێدایە کەخزمەت بەمرۆڤایەتی دەکەن (رەحمەتی خوایان لێبێ).
- بەگیانی برایانی کۆچ کردووم کاکە کۆساری شاعیرو زەیدو زوبێرو سەروەرو شێروان‌و عابیدو مەلا عمر (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ).
- بەهەموو سرود بێژانی ئیسلامی دەنگ ناسك‌و دەنگ خۆش.
- بەهەموو خوشك‌و براو دایك‌و باوك‌و گەورەو بچوکی ئەم کوردستانە ئیسلام پەروەرە.

Scanned by CamScanner

دەستپێكی یەكەم هۆنراوەیەكی بەپێزی (شێخ عبدالرحیم ی مەولەوییە) كەلەسەرەتای عەقیدەی مرضیە وەرم گرتووە.

زوبدەی عەقیدەو خولاسەی كەلام
هەرلەتۆ بۆ تۆش حەمدو سەنای تام

هەرخۆتیی بۆ خۆت بورهان دیتر بەس
بەشی خۆی تێكەڵ ناوێ بكا كەس

كەنارەی صەحرا نادیارییە
بینایی عوقوول ئاو مرواریيە

(ضیق النفس)یە هەناسەی نایە
دانش پێی دەلیل (عرق النسا)یە

عیرفان بەوانەكەی حاصل دەوێ
بەوپێ ئەو صەحرا چلۆن طەی دەوێ

چاك وایە خەیاڵ بێ تەقریب نەكەین
مەعلوومە تۆ تۆی، ئێمەیش خۆ ئێمەین

هەورەكەی ڕەحمەت ڕووی سەمای كەرەم
صەڵاتو سەلام كەی كەم ئێستەكەم

Scanned by CamScanner

بێـــرێ و برێـــژیٚو بـــداوه هەمـــدا
وەســـەر مەزرەعـــەی ڕوحـــی خاتەمـــدا

ســـەرواز کاســـەراو وەهـــەر شـــەناودا
وەسـەر سـەوزەی پـاک ئـاڵو ئەصـحاودا

تابـــدا پڕتـــەو وەســـــەر وجـــوددا
ئیمـــان لەئەســـرار ئـــەهلی شـــووهوددا

Scanned by CamScanner

دەستپێکی دووەم شعرێکی شاعیری ناسراو (مەحوی)یە کە من زۆر بەلامەوە کاریگەرەو خۆشە.

لەناکەس کارییا خاکم بەسەر ڕۆیی بەبا عومرم
خودا تۆ بم ژیێنە تا لەبەر قاپی کەسێ دەمرم

بەزایەع چوو لە (مالایعنی)یا وەقتم هەموو یەعنی
دەبێ وەقتێ لە (ابوالوقت)ێ بخوازم داتیا بمرم

ئەجەل دەورم دەدا حازر بەوادەی دەورو تەسلیمە
منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم

خەیاڵی پوچی دنیاوا دەماغو دڵمی پێچاوە
قیامەت هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتەوە فکرم

لەپێ کەوتووم نەفەسم بۆ هەوا دەشێ وەکو منداڵ
لەبەر پیری سەرم خۆم ناگرێ تازە پێ دەگرم

چ‌یە سوچو گوناهی؟ بۆچی دەیکاتە جەزا خانە
لەقەبر هەڵکەن هەتا ڕۆژی جەزا دەعوا چ‌یە قەبرم

سبەینێ (یحشر المرء)ە براگەل فرسەتە ئەمڕۆ
تەبەڕڕابن لەمن باکەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم

Scanned by CamScanner

ئەمن نازانم ئیتر نەفسی بەد خـو چـی دەویٚ (مـەحوی)
کەبـەدکردارو بـەدرەفتارو بـەد ئـەفکارو بـەد طـەورم

مەگەر بەر مەوجی بەحری ڕەحمـەتم وەسـفی سـەتتاری
وەگـەر نـا زەحمەتـە پابونـەوەم نامومکینـە سـەترم

Scanned by CamScanner

شیعرەکانم

شیعرەکانم
خەمخۆری دین و ولاتن
ئەویندای هەر کەسێکی
ڕاستو
دڵسۆزو
دڵ پاکن
هەڵقولاوی
کانیاوێکی سازو سافو چاكو پاکن
لەفرتو فێڵی دوژمنو
تەڵەکەباز زۆر بێ باکن
بۆیە هەرچەند هەبێ ڕێگر
چەندین کۆسپو هەورازو نشێوو ئاگر
شیعرەکانم واز ناهێنن
هەتا وەکو ئاواتەکان
خەونە ڕاستە دیتراوەکان
بۆ تامەزرۆیانی شادی بەرهەم نەیە
* * *

شیعرەکانم
دەدوێن هەر ڕۆژەی لەباسێ
ڕۆژێ بۆ دینی ولاتو
موسلمانی نامۆو غەریب

Scanned by CamScanner

ڕۆژێ بۆ مزگەوتەکانی
چۆڵو برینداروو بێ (طبیب)
ڕۆژێ بۆ مامۆستای بەرزی لەئاست ڕاستی دەنگ
کپ کراو
رۆژێ بۆ پایەبەرزێکی بەناهەق زیندانی کراو
دەمێ بۆ مەزڵومی
کوردی لەئازادی
بێ بەش کراو
هەندێ جاریش بۆ کوردستانە جوانەکەی
بۆ چوار پارچە دابەش کراو
دەمێ بۆ کیمیا بارانی
هەڵەبجەی ناسکو سک سوتاو
یابۆ (١٨٠) هەزار
کوردی بزری ئەنفال کراو
ساتێکیش بۆ
بێوەژنو مناڵی بێ باوک کراو
لەدواییش دا بۆ هەموو
داکو باپێکی کوڕ کوژراوو جەرگ سوتاو
* * *
شیعرەکانم
لەدەرگای گشت کەسێ دەدەن
سەردەکەن بەهەموو ماڵێک

Scanned by CamScanner

هەر دەرگایەکی ڕوخاوو لیقەوماوو بێ نان‌و ئاو
دڵخۆشکەری
هەر کەسێکن خەمی خەڵکی دەرەوێنن
پشتیوانی
هەموو ئەو جەنگاوەرانەن
کە ئازادی وەدی دێنن
لەجیاتی شەڕو ئاشوب دا
شادی‌و بەختەوەری‌و ڕاستی
بەدیاری بۆ کۆمەڵ دێنن
نا هەرگیز شیعرەکانی من
نۆکەری هیچ کەسێ نینە
خۆ نافرۆشن
بۆ پول‌و پارەو وەرەقە
هەڵنافریوێن
وەکو هەندێ کەسی نەزان بچن ببن بەجولەکە
* * *
شیعرەکانم
نەخۆ فرۆشن نەگەل فرۆش
لەهیچ کات‌و
سەردەمێکا وڵاتیان ناکەن فەرامۆش
لەگەڵ هەر ناسۆرێکی نوێ
یا کاتی هەر شادییەک دێ

Scanned by CamScanner

بەبێ دوو دڵی‌و ڕاڕایی
لەو خۆشی‌و ناسۆرە ئەدوێ
ئیتر بەکورتی‌و بێ ڕیایی
شیعرەکانم فێڵ بازنینە
دۆستی دوژمنی وڵات‌و
ئەلقە لەگوێی هیچ کەس نینە
پەروەر دەکراوی
ڕێبازی
ئەو زاتە ڕوناکی بەخشەن
رحمەتەن للعالەمینە
بەئاشکراو
بەنهێنی
دۆستی دین‌و گەل‌و خاک‌و براییینە

٧/ صفر /١٤٢٣
٢٠٠٣/١/١٩
سەعات (٣٧ر٢)پاش نیوەڕۆ
هەولێر

Scanned by CamScanner

موناجاتی خوایە گیان

بەناوی تۆ ئەی خودایە دەست دەکەم بەموناجاتم
بەنیازی پاک بوونەوەی خۆم لەکرداری سەییئاتم

لەمێژە ژەنگی گرتووە دەروونی پڕ لەتاوانم
بەدائیم هەر دێتە خوارێ فرمێسک لەدوو چاوانم

ئەی خوا هاوار لەدەستی خەراپەو تاوانی زۆرم
چ وەلامێک ئامادەکەم بۆ کاتی چوونە ناو گۆڕم

خوایە گیان لەدەست نەفسم هەموو کاتێ ئەناڵێنم
غەیری دەرگای ڕەحمو سۆزت هاوارم بۆ کێ بهێنم

نەفس و شەیتانن خەریکن ئیمانم لەدڵ دەربێنن
بۆ خۆشیو لەزەتی دونیا خوایە تۆم لێ بڕەنجێنن

دەیانەوێ گومڕام بکەن ببمە بەندەی ئارەزوو
تاکو دوورم خەن لەچاکە ڕووی دڵم وەرگێڕم لەتوو

دەروونم بۆتە هێلانە بۆ بەرژەوەندی ئەو ژیانە
هانم دەدا بۆ ئەو کارەی لەیاسای تۆدا تاوانە

Scanned by CamScanner

وای لەدەست ئارەزوو غەیبەت چ دەردێکیان بەسەر هێنـام
ڕوو زەردوو زەلیلیـان کـردم سـامو هەیبـەتیان دەرهێنـام

ئـەی خـوا دڵـم پەیوەسـت کـە بـەنووری پـاکی قورئـانی
تـاکو قـەت نەفـسی (امـاره) لام نـەدا بـۆڕێی شـەیتانی

ئەوەیــە داوای (پــیرەلاو) نــا ئومێــدم نەکــەی خوایــە
دەزانم توانــاو قودرەتــت بــێ ســنورو بــێ هاوتایــە

بۆیــە تکــا دەکــەم خوایــە ببەخــشی لەگــشت تاوانــانم
لەبەهــشت ڕوونــاکی بکــەی بــەلیقات هــەردوو چــاوانم

١٩٩١/٥/٥
دێی هەنارەی نزیك بەستۆرەی
سەر بە پارێزگای هەولێر

Scanned by CamScanner

قورئان چرایە

قورئـــان قورئـــان قورئـــان قورئـــان
خـــۆری ئاسمانـــە قورئـــان قورئـــان
یاســـای ژیانـــە قورئـــان قورئـــان
بـــۆ ئـــەم جیهانـــە قورئـــان قورئـــان

قورئـــان چـــرایە بـــۆ ئـــەم جیهانـــە
وەک ئـــاوو هـــەوا پێویـــستی ژیانـــە
هەر کەســێ دوور بــێ ئالــەو خەڵاتــە
دووچـــاری دەردو ئـــازاری گیانـــە

ئـای لـەو قورئانـە چـەند پـاکو تـەرزە
پـــەیڕەوکارانی ســـەریان پـــێ بـــەرزە
هـــەتا ســـوڕی ژیـــن لـــەدەورانا بـــێ
بـــەقورئان ڕونـــە ژیـــنی ئـــەم ئـــەرزە

زۆر بون ئەوانەی دژی قورئـان بــوون
وێڵــی تــاریکیو خــوارە ڕێیــان بــوون
کەچــی نــەمانو گــشت پوکانــەوە
قورئان سەر بەرزو ئەوان لەناو چوون

Scanned by CamScanner

جـــامن خـــوداني ئـــەو پەيامـــە بم
حەيفـــە دوا كـــەوتوى ئـــەو ڕێـــچكانە بم
بۆيـــــــە تامـــــــاوم بـــــــەڵێنم داوە
بـــۆ ئـــەم چـــرايە وەك پەروانـــە بم

٧/صفر/١٤٢٥ك
٨/نەورۆز/٢٧٠١
٢٠٠٤/٣/٢٨
هەولێر

Scanned by CamScanner

پێغەمبەری ئازیز

ئـــەی پێغەمبـــەری ئـــازیز لێـــت بـــێ دورودو ســـەلات
هەمووما‌ن عاشقی تۆین ئەی سەرکردەی شارێی نەجات

ســـۆزی خۆشەویـــستی تـــۆ گـــڕی لـــەمن بـــەرداوە
عیـــــشقت لـــــەدڵم چـــــەقیوە لـــــەدەرونما ڕوواوە
شــەرتە ڕێبــازت بگــرم ئــەی نــووری دوو چــاوەکانم
فیــدای ڕێبــازی تــۆ بــێ هەرهــەموو مــاڵو ســامانم

هــەر لەبــەر عەشــقی تۆیــە ئــەوبــان ئاســا دەنــاڵم
لەغـــــەمی دوری تۆیـــــە زۆر پەرێـــــشانە حـــــاڵم
شــەرابی خۆشەویــستیت منــی بــێ هــۆش کــردووە
وەک دەروێــشو دێوانــە ســەری خــۆم واهــەڵگرتووە

منـــیش وەک ئـــەو کۆڵەگـــەی لەمزگـــەوتی مەدینـــە
لەعەشــقی تــۆ دەنــاڵم پیــشەم هــەرگریانو شــینە
داوام لـــــەخواوە هایـــــە دەرونم فـــــەرامۆش بکـــــا
لـــەناو بەهەشـــتی خۆیـــا بـــەلیقات دڵـــشادم بکـــا

Scanned by CamScanner

بەبیـــستنی نـــاوی تـــۆ پـــەژارەم لـــەلا نامێنـــێ

نـــاوت ســـوکنایی بەخـــشە فەرامۆشـــیم بـــۆ دەهـــێنێ

نـــاوی تـــۆ لەگـــەڵ (اللّٰە) لەهـــەموو جێگـــا نوســـراوە

بـــۆ بـــەرزیو گـــەورەیی تـــۆ قورئـــان شـــایەدی داوە

١٥/شەوال/١٤٢٢

٢٠٠١/١٢/٣٠

(٥ر١١) نیوەڕۆ

هەولێر

Scanned by CamScanner

ئەی هاوەڵان

ئــــەی هـــاوەڵانی پێغەمبـــەر خزمـــەتكارانی ئـــەم دینـــە
ســــڵاوی ئێمـــــەتان لیٚ بـــیٚ ماموٚســــتایانی ئـــەم ژینـــە

ئێـــوەن بوٚمـــە ڕیٚ نیــشاندەر قوتابییـــەكانی پێغەمبـــەر
لەسەر ئەو ئیسلامە پاكە زوٚرتان تووش بوو غەمو كەسـەر
برسی بوون لێـدانو كوشـتن بەدەسـتی دوژمـنی بەدفـەر
بەڵام لەسەر بڕوا سوور بوون وەك بلالو وەكو جەعفـەر

لەغـەزای بـەدردا دەركـەوت ئێـوەن دڵـسوٚزی ئـەو دینـە
هەریـەك لـەئێوە سـەلماندی كـە ئیـسلام لـەلای شـیرینە
ئامادەی قوربانی دان بـوون لاتـان هـیچ نـەبوو ئـەم ژینـە
ئەســتێرە گەشــەكانی دیـــن شوٚڕەســـوارانی مەدینـــە

بـــــەزوٚری لەخواترســــانتان بـــــەعیبادەت وتـــــەقواتان
بەســـەر نـــەفس دا زاڵ ببـــون پێتـــان نـــەدەوێرا شـــەیتان
لەگەڵ یەكدا وەكو برا بوون ناحەز سـەیری دەهـات پێتـان
ئەو گەلەش بەختـەوەر دەبـیٚ كـە دەگـریٚ ڕێگـای ئاینتـان

شەوی ١/٢ی ذی‌القعدە/١٤٢١
٢٤/٢٥ی/١/٢٠٠١
هەولێر

Scanned by CamScanner

چرای ژیان

ئەی چرا گەشەکەی ژییان
ڕووناکی لای تۆ دەبینم
بەهۆی تۆیە شادمانم
هێلانەی عەشقو ئەوینم

چۆن ئەمن بێ تۆ بسرەوم
کەپێناسەی ژیانم تۆی
گەر دابڕێم لەنوری تۆ
هەموو ژیانم بەهەدەر ڕۆی

عەشقی ئەو چرایە ڕونەت
لەدڵمدا وادێتو دەچێ
بۆتە هەوێنی ژینی من
لەناخمدا هەر ڕۆ دەچێ

Scanned by CamScanner

تـــۆ ئـــەو نـــورە پڕشـــنگدارەی

شـــەوقت جیهـــانی گرتـــووە

بۆیـــە ســـەدای ناحـــەزانت

ڕویـــان لـــەکزی کـــردووە

بـــەڵێن بـــۆ رێبـــواری رێـــت بم

ئـــەی شـــارێگە بەختـــەوەری

بـــۆ بـــاکم لـــەوەی بێتـــە ڕێـــم

تـــۆ گلێنـــەو تـــاجی ســـەری

٣/رجب/١٤٢٣

٢٠٠٢/٩/١٠

سێ شەممە/ هەولێر

Scanned by CamScanner

ماموّستای تیْکوّشەر

ئــەی ماموّســتای تیْکوّشــەر پیْــشەوامانی لــەژین
خوّشەویــستی لــەلامان هــەڵگری مەشــخەڵی دیــن

بوّ مانت ڕون کردەوە ڕیْی چاکەو چـاکە کـاری
هانــدەری هــەموومانی لــە دیْــین یـا لەشـاری
ئاموّژگاریمان دەکەی بەوشەی جوان‌و ڕەنگــین
هەرقسەیەکی دەیکەی شیرینە وەکو هەنگوین

وەک ســەرکردەی وڵاتــی خوّشەویــستی لــەلامان
توّ شیْخ ئەحمەد یاسینی دژی بەگــشت زوّر داران
نــابیْ هــەرگیز بترسـیْی لەئەشکەنجەو سـیْدارە
شــەهیدی بــوّ ئــەو ڕیْیــە ڕیْزیْکــی بــیْ ژمــارە

توّ وەک میْزەری ســەرت دڵ‌و دەرون خـاویْنی
ناکوّکی‌و ناتــەبایی لــەدڵی ئیْمــەش دەردیْــنی
کەخوا ڕیْزی لیْ ناوی ماموّستای بــەرزو بــەڕیْز
لەدڵی ئیْمەش دا بەرزی وەکو قەندیلی بەهیْز

تەقواو ئیحـسان پیْناســەی نمونــەی بــەرزی توّیــە
هەرکــەس دژن بوەســتیْ بەڕاســتی ڕەنجەڕوّیــە
کــە تــوّ دوّســتی خــوا بــی تــاکو تەمــەنت مــاوە
پیلانــی ناحــەزانت وەکــو کــەفی ســەر ئــاوە

٢٧/صفر/١٤٢٣
٢٠٠٢/٥/٩- هەولێر

Scanned by CamScanner

ڕێگەی من

من کەعەبدی خـودای گـەورەم خـودا ڕێگـەی بـۆ دانـاوم
ئەگـەر لـەو ڕێگایـە لادەم بەڕاسـتی سـەر لـێ شـێواوم

ڕێگـەی مـن ڕێگـەی ئیمانـە ڕێگـەی گـشت پێغەمبەرانـە
دژی هـــەموو ئەبوجـــەهل و تـــاغوتی خـــۆ بـــەزل زانـــە

ڕێگاکـەی مـن ڕێگـای خێـرە وێنـەی نییـە لـەم جیهانـە
دەبـــا تاریکییـــەکان بمـــرن ڕونـــاکی وا لەمەیدانـــە

قائیـــدی ڕێـــم پێغەمبـــەرە بەبەڵگـــەی ئایـــەتی قورئـــان
لەلای من خۆشەویستترە لەبیل بیلـەی هـەردوو چـاوان

دەبـا بگـــرین ئـــەو بەرنامـــە بـــەقیادەی پێغەمبـــەری
هـــەتا لـــەڕۆژی پەسـلاندا نەچـێژین سـزای سـەقەری

بادونیا هـەمووی بزانـێ ڕێگـەی ئـایین قـەت بـەرنادەین
دوژمـن چـی دەکـا بابیکـا هـەتا دەمـرین کۆڵنـادەین

١٧/رجب/١٤٢١
٢٠٠٠/٩/١٥
هەولێر

Scanned by CamScanner

ناڵەی دڵ

ئـــەی میهرەبـــانی خـــاوەن مەرحەمـــەت
بـــــاتۆزێ ســــۆزت لـــــەئامێزم کـــا
شــــادی ببەخـــشێ بـــــەژیانی مـــــن
بـــــەڵکو دەرون‌و دڵـــم ڕۆشـــــن کـــا

* * *

مـــن کەبوومەتـــە دێوانـــەی شـــاران
بـــێ کـــەس بـــێ نـــەوا وادەخولێمـــەوە
ئـــاخر هەتاکـــەی ژییـــانم وابـــێ
بۆچـــی بـــەو دەردە هـــەر بتوێمـــەوە

* * *

ئـــاگری عیـــشقی تـــۆ وا ســـوتاندمی
بـــــەهیچ لافـــــاوێ ناکوژێتـــــەوە
مەگەرقـــەتریێکی بـــارانی ســـۆزت
بـــۆم داببـــارێ تاکـــپ بـــێ تـــەوە

* * *

مـــن بـــۆت ئـــەناڵم ئـــەی ئەوینەکـــەم
هەتابـــە لیقـــات دڵ ڕۆشـــن ئەکـــەم
جـا تـۆش لوتـف کـە ئـەی خـاوەن وەفـا
سـارێژ کـە زامـی پڕنـا سـۆرەکەم

* * *

Scanned by CamScanner

هـــەر لـــەو ڕۆژەوە کـــە تـــۆم ناســـیوە

خۆشەویـــستی تـــۆم لـــەدڵ چـــەقیوە

بۆتـــــە هـــــەوێنی حـــــەیاتو مـــــانم

ســـــەبرو وئـــــارامی لـــــەمن بڕیـــــوە

١٤/١٥ی ذي الحجة/١٤٢٣

١٥/١٦ی /٢/٣/٢٠٠٣

هەولێر

١٢،٥ ی شەو

Scanned by CamScanner

ئارامی گیانم

ئەی زاتی داهێنەری ژین
ڕوناکی چاوم ئەتۆی
ڕووی دڵم لای تۆ دەکەم من
ئارامی گیانم ئەتۆی

بەڵێنم داوە بکەم کۆچ
بۆ ڕێگەی تۆ بێمەوە
بۆ بەرزی بەرنامەکە تۆ
وەکو مۆم بتوێمەوە

ئەسرینی خوێنین دەڕێژم
بۆ ڕابردووی تەمەنم
داوامە لێت ئەی خودایە
ئازادی کەی گەردەنم

چەند نەزانو بێ خەبەر بووم
ژیانم چوو بەهەدەر
بۆیە ئیتر پەشیمانم
کۆچی لای تۆم گرتە بەر

٦/ذي الحجة/١٤٢٣
٢٠٠٣/٢/٧ – هەولێر– ٣ی پاش نیوەڕۆ

Scanned by CamScanner

پەرتەوازەیی

موســـلمانین بەســـیە پەرتـــەوازەو جــودایی
بادەسـتی یـەکتر بگـرین لەسـەر ڕێبـازی خـوایی
ئایـــەتی (واعتـــصموا) فەرمایـــشتی خودایـــە
بـا پـشتی یـەکتر بگـرین تـاکو گیانمـان لەلایـە

پێغەمبەری سەرکردە دروسـتی کـرد برایـەتی
خۆشی بـۆ گـەلان هێنـا وامێـژوو شاهێدیەتی
لەسەر بناغەی قورئان فەوتاندی دوو بـەرەکی
ڕێبازیـــشی هـــەرماوە کێیـــە تامەزرۆیـــەتی

ناحەزانی ئەم دینە هەردەم لـە کۆشـش دابـوون
بۆ پەرەوازەی ئیـسلام هـەموودەم بـەردام بـوون
بۆیـــە ئـــەمرۆ ئاواتیـــان وادەبیـــنین هاتـــە دی
چونکە موسلمان هەموو لەناو پرخەی خەو دابوون

زەفـەریان پێمـان بـردوو دابـڕ دابڕیـان کـردین
گشتمان لەڕێ لاماندا بەرەو هەڵـدێریان بـردین
گەیـشتینە ئـەو ڕۆژەی ڕقمـان لەیـەک بێتـەوە
بوینە ناحـەزی یـەکتر ڕەوشـتو دینیـان بـردین

پڕ

Scanned by CamScanner

جا با هەموومان پێکەوە بـەرەو یـەکرێزی بفـڕین

باڵەترسـی خـوای گـەورە ڕێـز لەیـەکتری بگـرین

ببینــەوە بــەبرا نــەفرەت لــە نــاکۆکی کــەین

تــا بەســەر بــەرزی بــژین بەئیمانــەوە بمــرین

دانراوە لە ساڵی

١٩٩٧/ هەولێر

Scanned by CamScanner

کوردستانی من

کوردستانی من جـوان‌و نه‌خـشینه
خه‌ڵاتی خوایـه لـه‌م سـه‌ر زه‌مینـه
پڕ لـه وه‌نه‌وشـه‌و گـوڵی ڕه‌نگینـه
کوردستانی من جـوان‌و نه‌خـشینه

ئـــه‌و کوردســـتانه پـــان‌و به‌رینـــه
پـــڕ لـــه‌کانیاوی ســـاف‌و شـــیرینه
ســـــــاڕێژی زام‌و ژان‌و برینـــــــه
کوردســـتانی مـــن جـــوان‌و نه‌خـــشینه

کوردستانی من قه‌نـدیل سـه‌فینه
گۆیـژه‌و قه‌ره‌چـوغ به‌هێزه‌وتینـه
چـیای کێـوه ڕه‌ش جێـی ڕاپه‌ڕینـه
کوردستانی من جـوان‌و نه‌خـشینه

ئـــه‌و کوردســـتانه بـــه‌هار ببینـــه
کـــه‌خاکی پـــاکی صـــه‌لاحه‌ددیینه
پـــڕ خۆشه‌ویـــستی بـــه‌دوور له‌کینـــه
کوردســـتانی مـــن جـــوان‌و نه‌خـــشینه

Scanned by CamScanner

ئێمەی گەلی کـورد زۆر لەمێژینـە
عاشـقو شـەیدای خواپەرسـتینە
وولآتــی خۆمــان زۆر لاشــیرینە
کوردستانی من جـوانو نەخـشینە

٢٤/٢٥ی شەوال/١٤٢١ك
١٩/٢٠ی/١/١/٢٠٠١
هەولێر
١١ی شەو

Scanned by CamScanner

ئەی لاوینە

ئەی لاوینە ئەی گەنجینە   تەنها ئیسلام ڕێگەی ژینە
هەرياسايەكی دەستكردە   پاشەڕۆژی گريەو شينە

من گەنجێكی موسلمانم   فيدای خوابێ ماڵو گيانم
چەندی بۆ خوا تێبكۆشم   هەرخۆم بەقەردار دەزانم

ئەی گەنج بگرە ریگەی قورئان   ريی بەهەشتو ڕیگەی ئيمان
تا ڕزگاربی لەبەد بەختی   بگەيتە فيردەوسو ڕەيیان

تۆ كەگەنجی بڕواداری   بۆ لەرێی خوا وەهالاری
پێويستی سەرتە تێبكوشی   لەرێی شارێگەی بەختياری

لاوینە خۆشیو ڕابواردن   بەردەوام نابێ وريابن
ڕۆژێ دێ لەپڕ كۆچ دەكەين   نۆش دەكەين شەرا بی مردن

ئەوسا سوودی نيیە هاوارمان   بائێستا بكەين چارەمان
فريو نەخۆين بەلاوێتی   تاگەشو سپی بێ ڕوومان

٣/ربيع الاول/ ١٤١٨
١٩٩٧/٨/٧
هەولێر

Scanned by CamScanner

هەولێری من

هەولێر شاری دلێرانە
خۆشەویستی لە دڵمانە
ڕەمزی یەکسانی ژیانە
پایتەختە لەم کوردستانە

شاری خواناس و چاکانە
مەنزڵگای دین پەروەرانە
دۆستی راستی هەژارانە
پشتگیری چەوساوەکانە
پایتەختە لەم کوردستانە

شاری زۆر غیرەت مەندانە
هەر ژیاوە سەر بەرزانە
دایکی چەندین شەهیدانە
بەردەوامیش ئاوەدانە
پایتەختی ئەم کوردستانە

Scanned by CamScanner

هــــەولێری مـــن چـــەندە جوانـــە
بـــــەو قـــــەڵاتو منارانــــە
جێـــی دڵ خۆشـــی هــــەموو مانــــە
درکـــــی چـــاوی ناحەزانـــــە
پایتەختـــــە لــــــەم کوردســــــتانە

٤/٥ی ذي القعدة/١٤٢٣
٨/٧ی /١/٢٠٠٣
هەولێر
٥ر١٠ی شەو

Scanned by CamScanner

لاوی بەهۆش

ئـەی لاوی بـەهۆش‌و بـیر هەوڵـدە بـۆ زانـستی
دادت نادەن کاکـە گیـان نەمـەیخۆری‌و نەمەسـتی

بــــڕۆ بــــەرەو پێـــشەوە لەگـــەردون شـــارەزابە
نەکـەی قـەت دابمـێنی هـەر هەوڵـدە بەخەسـتی

ببینـــە لـــەولاتان زانـــست چـــۆن پێـــشکەوتووە
تۆ هەتا کەی بێ هۆشی کەینێ لەخـەو هەڵدەسـتی

کۆمپیوتـــەر وئینتـــەرنێت داهێنـــانێکی نوێنـــە
دەهەسـتە فێریـان ببـە هیـچی تـر مەکـە سـستی

واز بێنـــە لـــە تەقلیـــدو لـــەو گـــەڕان‌و ســـوڕانە
بـڕۆ بـۆ دەریـایی زانـین کـەخاوەن بـیرو هەسـتی

ئـەوە مـانگی دەسـت کـردە لـەو ئاسمانـە ببینـە
بـەهۆی عـیلم‌و زانینـە دروسـت کـراوە بەدەسـتی

١٧/محرم/١٤٢٢
٢٠٠١/٤/١١
هەولێر
١٠ی بەیانی

Scanned by CamScanner

خوشکی شیرینم

تـۆ ئـەی خوشـکی شـیرینم خـاوەنی شـەرم‌و حـەیا
لێت پیرۆزبێ ئەو مافـەی خـودای گـەورە بـەتۆی دا

خوشـکی ئـازیز بزانـە کـە تـۆ دایکـی هـەموانی
بۆیـە ئـەرکێکی گـەورەت وا کەوتۆتـە سـەر شـانی

ناحـەزانی ئـەم دینـە بەهـەموو هێـزی خۆیـان
داوای مافت بۆ دەکـەن هـەر بـۆ ئـارەزووی خۆیـان

هەرئیـسلامە خـەمخۆرە بـۆ تـۆ خوشـکی وشـیارم
وا ئامۆژگاریـت دەکـەم لـەڕێی پـەروەردگارم

سەرپۆشـت لەسـەریکە ئابڕوشـت بپـارێزە
ئەگـەر وات کردبـێ گومـان ئیمانـت زۆر بـەهێزە

وەک خەنـسا وەک ڕومەیـسە تێبکۆشـە بـەردەوام
سـەرکەوتن هـەر بـۆ تۆیـە دڵنیابـە سـەرئەنجام

٦/٥ ذوالقعده/ ١٤٢٢
٢٩/٣٠/١/١/٢٠٠١
هەولێر

Scanned by CamScanner

قوتابی کوردین

ئێمە قوتابی کوردین
گەلی بەدەستو بردین
خوێندن بیرو هۆشمانە
مامۆستاش ڕابەرمانە

دەخوێنین‌و دەنوسین
بەردەوام تێدەکۆشین
هیچ کاتێ ماندوو نابین
هەتا لە ژیانا مابین

دەیسەلمێنین بۆ گەلان
کە بەهێزە خامەمان
بەهێزی خوێندەواری
ناهێڵین ستەمکاری

بەهۆی عیلم‌و زانینە
روناکە ئەم زەمینە
بژی ڕێگای زانستی
بمری تەمبەڵی‌و سستی

٢٨/جمادی دووەم/١٤٢١
٢٠٠٠/٩/٢٦ – هەولێر

Scanned by CamScanner

#ناڵەیەك بۆ فەلەستین

دەنــگو ســەداتان گــەلی فەلەســتین
دەنگــی دایــەوە لەســەر ڕووی زەمــین
موســـلمانانی گـــشت تـــا ســـاندووە
شــعوورو هەســتی هــەمووی بــردووە

ئــەی گــەلی دڵ پــڕ لــەئێش و لــەزام
میللـــەتی ئـــازای عەبـــدوڵلا عـــەزام
تــۆش وەكــو منــی كــوردی بــێ شــوان
دەچەوســـێیەوە بەدەســـت جولـــەكان

تـــۆ مانـــدوو نـــەبووی و مانـــدوو نـــابی
دڵـــــت دەبـــــرژێ وەكـــــو كـــــەبابی
چـــەندین شـــەهیدت دا لـــەو پێنـــاوە
محمـــــد دووڕەت دیـــارو بەرچـــاوە

هەركەســـێ دیـــن و قورئـــانی بـــوێ
خـــەو لەچـــاوانی هـــەرگیز ناكـــەوێ
زینـــدانی كـــردن كوشـــتن و لێـــدان
پێخـــۆری تۆیـــە گـــەلی موســـلمان

Scanned by CamScanner

ڕاپـــەڕینی تـــۆ مـــزگێنی پێیــە

بـۆ قـودس و گـەلت بـەختیاری پێیـە

دەســت بەدوعامـە مـن لەکوردسـتان

یـــاخوا ســـەرکەوێ ڕاپـــەڕینتان

٢٧/٢٨ی ڕەجەب/١٤٢١

٢٦/٢٧ی /١٠/٢٠٠٠

هەولێر

٥ر٧ی بەیانی

Scanned by CamScanner

کوردستانی جوان

ئەی کوردستانم کوردستانی جوان
خاکی بەپیتی باب و باپیران
تۆ خۆشەویستی لەلام تاماوم
ئەی لانەی شادیم گلێنەی چاوم

من ڕۆڵەی تۆمە خاکی دێرینم
جێی چاکەکاریم ئەی باغی ژینم
هەتاکو مابم بێ وەفا نابم
نابێ ساتێکیش لەتۆ جودابم

کوردستانەکەم مەنزڵگای دینە
جێگای شۆڕش و جێی ڕاپەڕینە
بۆیە تاماوم هەر خۆشم دەوێ
بێ بەختیاری ئەو دڵم ناسرەوێ

خۆشەویستی خاك سوننەتی دینە
بۆیە ئەم خاکەم لەلاشیرینە
هەر خۆشم دەوێ هەتاکو مابم
بۆی تێدەکۆشم قەت ماندوو نابم

٢٠/شوال/١٤٢٣
٢٠٠٢/١٢/٢٤ – هەولێر – ٥رای پاش نیوەڕۆ

Scanned by CamScanner

ئەی مامۆستای خواویست

ئەی مامۆستای خواویستی دیـن پـەروەر
لێت پیرۆزبـێ عـیلمو زانـستو مێـزەر

تــۆ هــەڵگری ئــاڵای پێغەمبــەرانی
تــۆ پێــشەوای گــەلی موســلمانانی
تـۆ حـەق بێـژی میحـرابو مینبـەرانی
شــوێن کــەوتوی ســەیدی پاڵــەوانی

تۆ ئەوکەسەی خاوەن هەیبەتو سامی
ڕەمـزی گەشـانەوەی دیـنی ئیـسلامی
عیــزەت مەنــدو بــەویقارو بــەفامی
هەروەک عیـززی کـوڕی عبدالـسلامی

تۆ ئەو کەسەی مژدەی بەهەشتت پێیـە
بـۆ ئـەو کەسـەی تـەنها قورئـانی ڕێیـە
ترسـیش ئـەدەی بـەوەی لادا لەوڕێیـە
تاوانبــارە بــێ شــک دۆزەخــی جێیــە

Scanned by CamScanner

تۆ شایستەی قـەدرو ڕێـزو حورمـەتی

تۆ هاندەری بـۆ ئاشـتیو بـۆ برایـەتی

ســـەرکردەیو پـــارێزەری میللـــەتی

بـۆ وولاتـت مایـەی خێـرو ڕەحمـەتی

١٣/١٤ی جمادی الاول/ ١٤٢٢

١١/١٢ی خەرمانان/٢٧٠٢

٢/٣ی / ٨/٢٠٠١

هەولێر

١٠ر٥ ی شەو

Scanned by CamScanner

دەردی هەژاری

مـن چـی بکـەم لەدەسـت دەردی هـەژاری
لای کــــێ هەڵڕێـــژم غـــەم و بێـــزاری
جـەرگم کـون کونـە لەدەسـت قـەرزاری
فکــــرم نــــەماوە بــــردی غــــەمباری

هـــیچ کـــەس نـــەماوە لەدۆســـتەکانم
قـــــەرزاری نـــــەبم تەنگــــــە ژیــــانم
ســــائەی خودایـــــە تــــۆی پـــــشتیوانم
لەدەســــتی نـــــەدەم دیـــــن و ئیمـــــانم

لەســــــەرەمانگان معـــــاش وەردەگـــــرم
خوایـــە کـــام کـــونی مـــاڵی پـــێ بگـــرم
کرێـــی کارەبـــا بـــدەم یـــا ڕزقـــی بکـــرم
لـــــەلای میـــــوانیش ڕوو زەردی کـــــردم

پـــارەی تەماتـــــەو کـــــودوو باینجـــــان
ئەشـیای بایـەعی و حـەب لەگـەڵ دەرمـان
هـــەتا دەگاتـــە پۆشـــاکی بـــەرمان
هـەقی هـەر هـەمووی قـەرزە لەسـەرمان

Scanned by CamScanner

خـــــودای میهرەبـــــان تـــــۆ رزق دەری
ڕزگارمـــــان بکـــــەی لەدەردەســـــەری
چـــیتر نەچـــێژین غـــــەمو کەســـــەری
ژیانمـــان خـــۆش کـــەی لێـــرەو لەوســـەری

تـــــۆ پـــــشتوانی گـــــەداو هـــــەژاری
هـــــەر ئـــــەتۆی بۆمـــــان فریـــــاگوزاری
لـــــەدڵی (پـــــیرەلاو) لادەی غـــــەمباری
بـــــژین بەخۆشـــــیو بەبـــــەختیاری

١٩٩٩/٧/١٤
هەولێر
٣ی پاش نیوەڕۆ
ئەو سەردەمەی ئەو شیعرەی تێدا
نووسراوەتەوە یاخوا قەت نەگەڕێتەوە.

Scanned by CamScanner

گوندی بەرگرکە[1]

ئەگـەر دەتـەوێ دڵـت ڕۆشـن کـەی
چی غـەمت هەیـە فەرامۆشـی کـەی

وەرە ببینـــە گونـــدی بەرگرکـــە
هــەوا هەڵمــژەو هەرســەیری بکــە

پـــــڕدارو بـــارە هـــێمن‌و ئـــارام
ئـاوی زوڵاڵ‌و هــەم ســاردو بـــەتام

دەوری گــــیراوە بـــەکێوی بـــەتین
یـاخوا نیـشتە جێـی بەخۆشـی بـژین

مزگـــەوتی دێیـــان تـــابڵێی خۆشـــە
دڵیـان بــۆ دیــنی هــەردەم لەجۆشــە

---

(١) گوندی بەرگرکە گوندێکی زۆر خۆشە کەوتۆتە دۆڵی خانەقا لەبەرواری نووسینی ئەو شیعرە من‌و مامۆستا تحسین و مامۆستا ادریس و مامۆستا عبدالرحمان‌و مامۆستا مسکین چووینە سەردانی مامۆستا بهاء الدین لەگەڵ کاکە سامانی سەیاق زۆر خۆشمان بەسەر برد ئیتر لەوێ ئەم هۆنراوەیەم بۆ هات و منیش نووسیم.

Scanned by CamScanner

دەنگـــی بولبـــول‌و شـــنەی بـــەیانی
پێکـــەوە دەچـــڕن نەغمـــەو گـــۆرانی

زۆر خۆشـە بـژی لـەو جـۆرە گونـدە
بەئاســـودەیی بـــێ بۆڵـــەو پنـــدە

بۆیەکـــەم جـارە دیـتم ئـەم دێیـە
بـــەلاّم تامـــاوم دڵـــم لەوێیـــە

بۆیــە هــەر دوعـا دەکـەم لـەبۆیەن
بەبەرەکەت بـێ شـیرو هـەم دۆیـان

لێیان تێـک نەچـێ ئـەم خـاک‌و ئـاوە
بەدەســـتی دوژمـــن زۆری پێکـــراوە

پێکـــەوە بـــژین هـــەروەکو بـــرا
بۆ یەکـدی ببنـە پـشت‌و هـەم چـرا

ئەی اپـیرەلاوای عەشـقی کوردسـتان
شـوکری خـوا بکـە تامـاوی لـەژیان

Scanned by CamScanner

ئــەوا نــەمردی هاتیـیــە بەرگرکــە
دەهەرچــی غەمــە لــەبیری بکــە

باســی ئــەو گونــدە بکــە تامــاوی
یـاخوا قــەتاو قــەت نەفــەوتێ نــاوی

١٨/ ربیعی دووەم/ ١٤٢٢
٢٠٠١/٧/٨
گوندی بەرگرکە
٥رەی بەیانی

Scanned by CamScanner

هاتنت بەخێر

پێوقـــەدەمت خێـــر ڕونـــاکی دیـــدەم
هـــاتی وەلاتنـــا دەرد و غەموتـــەم

مـن لەعەشـقی تـۆ ئـەی نـوری چـاوم
بـــەجاری سـوتا جـــەرگ و هـــەناوم
ناشـــێ تـــۆ ئاگـــات لـــەحاڵم نـــەبێ
لـــەدوری تۆیـــە کـــەوا دامـــاوم

خـــەیاڵ و بـــیرم هـــەر لـــەلای تۆیـــە
ســـارێژی زامـــم دیـــداری تۆیـــە
بەفیـدای تـــۆ بـــێ ســـەروەت و گیـانم
دڵـــم تامـــەزرۆی ڕونـــاکی تۆیـــە

تـــۆ مـانگی چـواردەی بەشـۆق و جـوانی
گـــەورەو ســـەروەری ئەســـتێرەکانی
ســـەرم ســـورماوە لەشـــان و شـــکۆت
لایەقتـــە کـــەتۆ خـــۆری ئاسمـــانی

١٠/صفر/١٤٢٥
١١/نەورۆز/٢٧٠٤
٢٠٠٤/٣/٣١
هەولێر– ١٢ی شەو

Scanned by CamScanner

ئای لەتاوانم

ئـــای لـــەتاوانم ئـــای لـــەتاوانم
بـــاری گوناهـــان پـــشتیان شـــکانم

دڵیـان ڕەش کـردم گونـاهو عیـصیان
سەریان شۆڕکردم لای دۆسـتو بیـان
هـــاوار خودایـــە زوو بێیـــە هانـــام
تـــۆ خـاوەن سـۆزی ومـن بـێ توانـام

ســـەیری تەمـــەنی ڕابـــردوو دەکـــەم
چـاك وایـە بـڕۆم هـەر قـوڕ بەسـەرکەم
چـــونکە گـــەر بـــۆنی هـــەبا تـــاوانم
کـــەس نەیـــدەوێرا بێتـــە میـــوانم

بەوێنـــەی مـــەحوی دەنوزێمـــەوە
لـــەبارەگای خـــوا دەپاڕێمـــەوە
خوایـــە بـــۆ لای تـــۆی دێـــنم هـــاوارم
هـەر چـەند زەبـونو زۆر تـاوان بـارم

Scanned by CamScanner

کــــــەمن ڕوو زەردی ڕۆژی جەزامـــــە
خەجالـــەت بـــاری دەرگـــای خودامـــە
بەشـــــەرمەزاری دەڵـــێم خودایـــــە
گـــەر مـــن (مـذنبم) تـــۆ عـــەفوت لایـــە

١٢/شعبان/١٤٢٤
٢٠٠٣/١٠/٨
هەولێر
٢ی پاش نیوەڕۆ

Scanned by CamScanner

پەشیمانم

ئــەی خــالیقی گــەورەی جیهــان پەشیمانم پەشـیمانم
مــن گــیرۆدەی داوی نەفــسم پەشــیمانم پەشــیمانم
ڕیاکـــارو بـــێ چـــاکەمە پەشـــیمانم پەشـــیمانم
هـــەتا ئێـــستا لەخراپـــە چـــی کردوومـــە پەشـــیمانم

نەفس و شەیتانن چاکەیان لەبەر چـاوان نـابوت کـردم
لە ئاست چاکەو چاکەکاری تەواو بـێ تاقـەتیان کـردم
خودایە تۆ ڕزگـارم کـەی لەوداوانـەی توشـیان کـردم
هـــەتا ئێـــستا لەخراپـــە چـــی کردوومـــە پەشـــیمانم

گونـــاهو تـــاوانم زۆرەو ئوممـــەتی فـــەخری جیهـــانم
پڕبـــەدڵ دەپاڕێمـــەوە لـــێم ببـــورە ئـــەی یـــەزدانم
دەشـــت و ســـەحرای پڕکـــردووە خراپـــەو ناوانـــەکانم
هـــەتا ئێـــستا لەخراپەچـــی کردوومـــە پەشـــیمانم

وەسوسەی شەیتانە دائیم ڕێی ڕاستیان لێ بزرکـردم
بـۆ خۆشـی و لـەزەتی دنیـا خودایـان لـێ تـوڕە کـردم

Scanned by CamScanner

بــەگوناهو تــاوانی زۆرم دڵو هــەناویان ڕەش کــردم
هـــەتا ئێـــستا لەخراپـــە چـــی کردوومـــە پەشـــیمانم

بۆیــە دەپاڕێمــەوە لێــت خــوای گــەورەو میهرەبــانم
پێغەمبــەر بێنیــە فریــادم لــەڕۆژی ســەختی میــزانم
تا چارەی (پیرەلاو) بکا چــونکە ســەر شــۆڕی مەیــدانم
هـــەتا ئێـــستا لەخراپـــە چـــی کردوومـــە پەشـــیمانم

ئەم هۆنراوەیە لەساڵی
١٩٩٩ دانراوە
هەولێر

Scanned by CamScanner

قاصیدی مەرگ

تەمــەن ڕۆیــی وابەســەر چــوو چ چــاکەم نــەکردووە
هــەر بزانــە هــەواڵی هــات پــێم دەڵــێن وامــردووە
خــۆم لــەناو گــۆڕا دەبیــنم غوربــەتم تــوش هــاتووە
مــووی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەر دان هــاتووە
پــێم دەڵــێ هەســتە بزانــە چــیت بــۆ حــازر کــردووە؟

ئــەو گۆڕســتانە دەبیــنم هــەر هــەمووی وەک مــن بــووە
زۆر لــەمن زیــاتر هیوایــان بــەو ژیانــە خــۆش بــووە
وادەبیــنم کــە ئێــستا کــە دنیایــان جــێ هێــشتووە
مــووی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەر دان هــاتووە
پــێم دەڵــێ ژینــت بەســەر چــوو مردنــت نیزیــک بــووە

ژیان وایــە دێــتو دەڕوا مــووی ڕەشــی لــێ ســپی دەبــێ
هەندێ کەس لاوە کە دەمرێ هەندێکیش زۆر پیر دەبــێ
زاتــی نــەمر هــەر خوایــە مانیــشی دائــیم دەبــێ
مــووی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەر دان هــاتووە
پــێم دەڵــێ هاکــا بزانــە تــۆش ڕیــشت ســپی بــووە

دواتــرین پۆشــاکو بــەرگم پۆشــاکی نــاو قەبرییــە
ئــاخرین بەرگــە دەپۆشــم بــۆ کۆچــی یەکجارییــە

Scanned by CamScanner

هــاوارو شــین واوەیــلا بــۆ مــن هــیچ ســودی نییــە
مــووی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەردان هــاتووە
پــێم دەڵــێ بــۆ وەڵامــی گــۆڕ خــۆت ئامــادە کــردووە؟

دۆســـــتو خـــزم ناســـیاران هـــەموویان کۆدەبنـــەوە
گشت دوعــا خــوازی دەکــەن لــێم چــونکە نایــان بینمــەوە
مــووی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەر دان هــاتووە
پــێم دەڵــێ کــە گــەردەنی خــۆت بــە کــێ ئــازا کــردووە؟

لـــە پاشـــی مـــردنو بـــەرزەخ ڕۆژی زینـــدوو بونـــەوە
پـــردی صـــیراطـم لەپێـــشە خودایـــە فریـــام کـــەوە
بەمــەغروریم ژیــن بەســەر بــرد هــیچ بــیرم نــەکردەوە
مــووی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەر دان هــاتووە
پـــێم دەڵـــێ ڕۆژی قیامـــەت دەبـــینی چـــیت کـــردووە

بەشــەیتانو نەفــسی بــەدکار زەرفــەریان پــێ بــردوو وم
لەئاست چاکەو چــاکەکاری دەســتو پــەلیان بەســتوو وم
بەرامبـــەر بـــەیادی خـــودا دەرونیـــان ڕەق کـــردوو وم
مــووی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەر دان هــاتووە
پێم دەڵــێ کــرداری چــاکەت بــێ حیــساب کــەم کــردووە

Scanned by CamScanner

داد لەبــەر نەفــسی ئــەممارە بــیرو هۆشــی بــردوو وم
هــەروەکو دیــل کــوّتی کــردوم وا دەزانم مــردوو وم
بوومەتــە پەنــدی زەمانــە هــەناوی رەش کــردوو وم
مــوی ســپی قاصــیدی مەرگــە بــۆ خەبــەردان هــاتووە
پێم دەڵێ بووا بــۆ نەفــست ملــی خــۆت کــەچ کــردووە؟

ئەم هۆنراوەیە بەنزیکەی یەك ساڵی تەواو
نووسراوە، لەبەرواری ٨/رجب/ ١٤٢٣
٢٠٠٢/٩/١٥ تەواو بووە
هەولێر
٥رە بەیانی

تێبینی/ خەتی چوارەم لە ئیختیارێکم بیست بەناوی (مام عبدالرحمن حوشترالوکی) زۆر لەلام خۆش بوو، بۆیە ئەم هۆنراوەیەم نووسیو لەهەموو کۆپلەکان ئەو خەتەم دووبارە کردۆتەوە.. ئەو کاتەش نووسیم کە هەندێ موو لەسەرم سپی بوو بوو.

چاوەڕوانی

ماموٚستا گیان ئازیزەکەم
قەت ناتوانم لەیادت کەم
توٚی شوٚڕش گێڕو
ڕوٚشنبیر
حەیفە بکرێ کوٚت‌و زنجیر

ماموٚستا کاتی جەنگ‌و شەڕ
لەناو چیاو لەدەشت‌و دەر
کوٚڵنەدەرو
کوٚڵ لەپشت بووی
بەڕاستی توٚ پێش مەرگە بووی

ماموٚستا گیان ئەی ڕووناک بیر
بوٚ ساتێک توٚم ناچێ لەبیر
ئەی تێکوٚشەر
ماندوونەناس
هوٚ سەرکردەی ڕاست‌و خواناس
زانست‌و حیکمەتی بەرزت
ڕوخسارو ویقاری تەرزت
دەیسەلمێنێ

Scanned by CamScanner

کەتۆ پاکی

لەناحەزانت بێ باکی

ژینی ناو زیندانت بێ هۆ

کەلەپچەکانی دەستی تۆ

پێمان دەڵێن

کۆڵنەدەربن

گەرچی لەژین دەست بەسەربن

زاناو گەنجو منداڵو بیر

دایكو خۆشكی دیندارو ژیر

هەموویان

عاجزو ماندوون

هەر چاوەڕێی هاتنەوەی توون

ئیتر بەسە چاوەڕوانی

تاکەی لەزیندان میوانی

دەوەرەوە

دەوەرەوە

دەرونمان ڕۆشەن کەرەوە

١٦/ذي القعدة/١٤٢٥

٢٠٠٤/١٢/٢٨ - هەولێر- ٥ر١٢ ی نیوەڕۆ

Scanned by CamScanner

چ مەدحێکت بکەم !؟

چ مەدحێکت بکـەم لایـەق بـەتۆ بـیٚ ئـەی نـوری چـاوانم
چەندی بڵێم هێـشتا کەمـە هـەر خـۆم بەقـەرزار ئـەزانم
مـنی زەعیـفـو سـەرگەردان چـۆن حـەق بـدەم بـەزمانم
بکـا وەصـفی گـەورەیی تـۆ قوربانـت بـیٚ دڵو گیـانم
خوا وەصفی کردی بەقوربان منیش هـەر هێنـدەی دەزان
بڵـێم فیـدای خـۆتو دینـت گیـانو منـاڵو سـامانم

٢٥/ربيع الاول/١٤٢٠

١٩٩٩/٧/٩

هەولێر

Scanned by CamScanner

پێشوازی دڵ

ئـەوا چـراخانی سـاڵە مـانگی پـیرۆزی قورئانـە
مـانگی زیکـرو تەهلیلەیـە گەشـەی چـرۆی روحەکانـە
وا بۆ شەوە زەنگی تەمـەن چـرای سـاڵ داگیرسایەوە
بۆ ساڵنامەی پـڕ لەعیـصیان مـاهی تابـان گەڕایـەوە [1]

ئـەی دڵ هەسـتە بـێ داربـەوە
کـوا ئێـستا کـە کـاتی خـەوە
زووکـە هەسـتە بـۆ پێـشوازی
ئـەوا مـانگی خـوا هاتـەوە

دەزانم ئـەی نـەفس و دەروون
بـۆ کەوتونـە مـات و زبـون
بـەتاوان ڕەش داگـەراون
بـەدەردی بـەری بـەیت چـوون

هـەر چـەندی کـە تائێـستاکە
سـستیت ئـەکرد تـۆ لەچـاکە
ئـیتر وامـانگی قورئانـە
بەسـە تـاوان ڕوو لـە خواکـە

٢٥/ شەعبان/١٤٢٤
٢٢/١٠/٢٠٠٣– هەولێر

(١) ئەم چوار دێرە هی خۆم نییە لەیەکێك لەژمارەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ نووسرابوو، زۆر لام خۆش بوو بۆیە کردمە کۆرسی ئەو سروودە.

Scanned by CamScanner

مانگی ڕەمەزان

مانگی ڕەمەزان ئەی مانگی قورئان
ئەی مانگی بەدرو مانگی شەهیدان
دڵ خۆشین بەلەیلەتول قەدرەکەت
بەڵکو ببارێ خێرو بەرەکەت

ئێمەی موسلمان لەو خاکە پاکە
دروست کراوین بۆ کاری چاکە
نابێ لە ڕێگای خودا لادەین
بۆ گشت ئەزیەتێکی ئامادەین

ڕۆژوو روکنێکی بەرزی ئیسلامە
فەرمانی خودای خاوەن کەلامە
دەبا هەموومان بەڕۆژوو ببین
تالەقیامەت ئاسان دەربچین

دادپەروەری خوا لەو ڕەمەزانە
وەک مانگی چواردەی ناو ئەستێرانە
فەرمانە بۆ گشت موسلمانی ژێر
هیچ فەرقی نییە پاشا یا فەقیر

Scanned by CamScanner

موســــــلمانینه ئــــــەو ڕەمەزانـــــــە
لای هـــــــەموولامان وەکـــــو میوانـــــە
بـــا ڕێـــزی بگـــرین بـــەخوا پەرســـتی
تالامـــــان مــــاوە بانەکـــــەین ســـستی

٢٩/شعبان/١٤٢٠
١٩٩٩/٢/٧
هەولێر
٨ ی بەیانی

Scanned by CamScanner

مانگی لێخۆش بوون

ئەی مانگی پاک کەرەوە لە چڵکی گوناهو تـاوان
بەرێزی تـۆ لـەلامان هـەروەکو هـەردوو چـاوان

خۆشمـــــان دەوێـــــی هـــــەمووومان
تـــــابمێنی خـــــۆش حـــــاڵین
بـــــۆ زیکـــــرو تـــــەوراح و
کۆڕەکانـــــت عـــــەوداڵین

تـــــۆ هـــــەر ڕەحمـــــەتی بۆمـــــان
تاوانمـــــان ڕادەمـــــاڵی
تـــــا هێڵـــــی لـــــە دەرونمـــــان
ناســـــۆرو تفـــــت و تـــــاڵی

چـــــەند ســـــەر بـــــەرزن ئەوانـــــەی
خـــــاوەن عەهـــــد و پـــــەیمانن
خوانـــــاس و دەرون پـــــاکن
ڕزگـــــاربووی ڕەمـــــەزانن

ســـــەرەتا تاکۆتـــــایی
ئـــــەو مانگـــــە لـــــێ خـــــۆش بوونـــــە
لـــــەدوا ڕۆژیـــــش شـــــەفیعە
لـــــە دۆزەخ نـــــەجات بونـــــە

١٢/ شعبان/ ١٤٢٣- ٨/١٠/٢٠٠٣
هەولێر

Scanned by CamScanner

شەوی قەدر

بـەناوی خـودای خـاوەن بوونـەوەر
درودو سڵاو بـۆ گـەورەی سـەروەر

خـــوا ببـــارێنێ رەحمـــەت بـــەردەوام
بۆ گیـانی سـەرجەم ئومـەتی ئیسلام

ئـــەی موســـلمانان بـــا هـــەموولامان
ڕوی دڵ لەخوا کەین ئامان سەد ئامـان

مناجـــــات بکـــــەین بپاڕێینـــــەوە
دەرون لـەتاوان پـاك پـاك کەینـەوە

مەجالە لەئـەو شـەو کەشـەوی قـەدرە
مـانگی تۆبەیـەو هـەم مـانگی بـەدرە

بـەدڵو بـەگیان ڕوو لـەخودا کـەین
دەرگـای گونـاهو تاوانـان داخـەین

ئـەم مـانگو شـەوە پـڕ بەرەکەتـە
کـاتی تاعەتـە بیکـەین فورسـەتە

بـەزمانو بـەدڵ بـبین پەشـیمان
لەوەی کەکردمان بەقسەی شـەیتان

Scanned by CamScanner

دەرگـــای ڕەحمـــەتی خـــودا والآیـــە
بـۆ هـەر کەسـێکی شـەیدای خودایـە

سەربەرزە ئەوەی هـەر خـودا ناسـە
گوناهباریش قیامەت کزوکـە ساسـە

بژی ئـەو کەسـەی بەرامبـەر شـەیتان
هـــەروەک قەلآیـــە دوورە لـــەڕوخان

دەبـا لـەو شـەوە بـەدڵو بـەگیان
بگەڕێینـــەوە باوەشـــی قورئـــان

خۆشـــیو شـــادیمان هـــەر لەوێدایـــە
دوائەنجامیـــشمان لیقـــای خودایـــە

شەوی ٢٦/٢٧ی رەمەزان/ ١٤٢٤
٢١/٢٢ی/١١/٢٠٠٣
هەولێر – شەوی قەدر
١٢ی شەو

Scanned by CamScanner

خواحافیزی مانگی ڕەمەزان

مـــانگی ڕەمـــەزان مـــانگی بـــەختیاری
بـــەجێمان دیڵــــی تـــۆ بەغـــەمباری
داوامـــــان وایـــــە لـــــەبارەگای خـــوا
تاعـــەتو ڕۆژو لێمـــان قـــەبوڵ کـــا

ئـــەی مـــانگی قورئـــان بـــەفیراقی تـــۆ
زۆر پەرێـــشانین دڵ بەغـــەمین خـــۆ
بـــەلام بـــەهیواین ســـاڵی ئاینـــدە
بێیـــەوە لامـــان مـــانگی بەشـــکۆ

شـــادی بـــۆ کەســـێ لـــەم ڕەمەزانـــە
خـــودای لـــەبیر بـــوو هـــەردەم شـــەوانە
بـــۆ تـــەراویح و نوێـــژی جەماعـــەت
تەمبـــەڵی نـــەکرد لـــەڕێی خـــوا دەهـــات

جاباهــــــــەموومان بەئیمانــــــــەوە
ڕوو لەخوداکــــــــەین بپارێینــــــــەوە

Scanned by CamScanner

بڵێین خوایە ئەی پەروەردگار
ڕەنجی ڕەمەزان نەدەی بەخەسار

هەموومان دەڵێین الوداع لەتۆ
نوێژی تەراویح الوداع لەتۆ
ئەی مانگی قورئان الوداع لەتۆ
دڵمان پەشێوە بەدابڕانی تۆ

٢٩/ رەمەزان/ ١٤١٧
١٩٩٧/٢/٧
هەولێر

Scanned by CamScanner

جـــەژن

پــیرۆز بــێ جــەژن و خۆشــی و شــادیتان
هــــەر بــــەردەوام بــــێ برایــــەتیتان

ئــەی موســڵمانان هــەموو پێکــەوە
ڕوو لــــەخودا کــــەن بپاڕێنـــەوە
بڵـــێن ربنـــا خـــالقی جیهـــان
پــیرۆزی بکــەی جــەژنی هــەمووومان

موســــڵمانینە لەگــــەڵ یــــەکتری
جەژنانـــە بکـــەن تاشـــەیتان بگـــری
بـادەمو چـاوتان بـزەی لەسـەر بـێ
تـا برایـەتیتان گـەلێ بـەهێز بـێ

دەبـا دەروونمـان خـاوێن کەینـەوە
دڵمان لەگەڵ یەکتر ساف کەینـەوە
هەروەک پێغەمبەر جەژنانە بکـەین
بارێگەو سوننەتی ئەو بـەر نـەدەین

Scanned by CamScanner

جـەژن بامایـەی خۆشەویـستی بـێ

مایـەی یـەک ڕێـزی‌و برایـەتی بـێ

ئەوسـا جـەژنمان دەبـێ یـەکجاری

دەژیـن بەخۆشـی‌و دوور لەغـەمباری

٩/ ذي الحجة/١٤٢١

٢٠٠١/٣/٢

هەولێر

Scanned by CamScanner

جەژنی قوربان هاتەوە

جەژنی قوربان هاتەوە
ڕۆژی قوربانی دانە
دەبیکەن پیرۆز بابی
شادی موسلمانانە

جەژنی قوربان سەلماندی
بۆ مێژوی نزیک دوور
دەبێ خواناس بۆ ئایین
فیدا کاربێ بێ سنور

دەستی یەکتری بگرن
بۆ تەوقەو پیرۆز بابی
یاخوا لەبەرزی دابێ
خۆشەویستیو برایی

باهەموومان تێکۆشین
بژین بەکامەرانی

Scanned by CamScanner

بـــۆ بـــەرزی ڕێگـــەی ئیـــسلام
خـــۆ بکەینـــــە قوربـــانی

لـــــەم جەژنـــــە دەکەینـــــەوە
یـــادی حـــەج و قوربـــانی
یـــاخوا لامـــان نـــەمێنێ
غـــــەمباری و پەرێـــــشانی

٢٠/٢١ی ذی الحجة/ ١٤١٩
٥/٦ی /٤/١٩٩٩
هەولێر

Scanned by CamScanner

زیارەتی کەعبە

زیـــارەتی کەعبـــە چـــەندە شـــیرینە
تـــەواف لادەبـــا گـــشت رق و کینـــە
ماچـــی بەردەکـــەش هیـــواو ئاواتمـــە
خـــوا پـــێم کـــەرەم کـــە ئـــەو تـــازە ژینـــە [1]

زۆر لەمێـژە تامەزرۆمـە بێمـە زیـارەت ماڵەکـەت
تـا بـەڵکو تـۆزێ بـچێژم هـەوای دەری بەیتەکـەت

لـەبن دیـواری کەعبـەدا هەڵرێـژم فرمێـسکی چـاو
داوای مەغفیرەت بکەم لێت لـەوێ بگـریم زۆر بـەتاو

بەبەرگی کفـت و سـپییمدا هـەر لەبیەیکـە بڵێمـەوە
بـــەڵکو لەتاوانـــەکانم بەچـــاکی پـــاک ببمـــەوە

ئـــەی خودایـــە چـــاوە ڕێمـــە بێنیـــە دی ئاواتـــەم
بێم لەسەر کێوی عەرەفات داوای عـەفوت لـێ بکـەم

١٢/شوال/١٤٢٥
٢٠٠٤/١١/٢٥
هەولێر

(١) ئەم چوار دێڕە قالبەکەی جیایەو بۆ سروود دەبێ ئاوازی جیا بێ لەگەڵ دێڕەکانی تر.

Scanned by CamScanner

ئامادەی مردن ببە

ئـــەی موســـلمانی بـــەباوەڕ ئامـــادەی مـــردن ببـــە
هـــەتا دەتـــوانی عـــەزیزم چـــاکە لەگـــەڵ خـــۆت ببـــە

پێـشی مـردن تەوبەیـەکی یـەکجاری بـۆ خـۆت بکـە
تانـــەمردویو بـــەزووی خـــۆتی بـــۆ حـــازر بکـــە

ئەو دەمەی دەچیە ناو قەبری تاکو تەنهاو بێ کەسی
دامـاو هـەژار بـۆ خـۆتی چـونکە بـێ فریـاد درەسـی

هـیچ کەسـێ ناگـا بـەفریات نـەموڵکو پـارەو نـەماڵ
بـێ سـودە گریـانی خێـزان هـاتو هـاواری منـاڵ

وامەزانـە نەفـسی بـەدکار دێـتو ڕزگـارت دەکـا
کـاری وی تـەنها ئەوەنـدە توشـی تاوانـت دەکـا

جاکە وایە بـۆ لەبـەر چـی ئیتاعـەی نەفـست، دەکـەی
بۆ لەبـەر نەفـسی خـەراپت قیامـەتت دژوار دەکـەی

خۆشـی دنیـا هـەر دەمێکـە دێـتو دەڕوا وەک دەڵـێن
سەربەرزی بۆ ئەو کەسانەی کە هەر عەشقی ڕاستەڕێن

١٤٢٤ك/ ٢٠٠٣ز

هەولێر

Scanned by CamScanner

مانگ گیرانی ١٢/٥ (١)

دوانــزەی پێنــچی نــەوەدو نــۆ هــەواڵێ هــات
چ هــــەواڵێ؟! غــــەمباری کــــرد دەشــــتو وڵات

زانــاو فــەقێیان دەبــینی دڵو دەرونیــان پــڕ غەمــە
چاوەکانیان بەفرمێسکەو ڕوخساریـشیان پــڕ لەتەمــە

لاوەکــانی ئــەم ڕابونــە یــەکجار یــەکجار پەرێــشانن
بــۆ ڕابەرەکــەی دڵــسۆزیان بــێ ئەنــدازە نیگــەرانن

بەم هەواڵــە دڵ تەزێنــە هــەموو کوردســتان تاســاوە
خەندەو بزە لەسەر لێوی سەرجەم خواناسان تــۆراوە

ئــــەوە هــــەواڵی وەفــــاتی مامۆســــتایەکی زانایــــە
لەهەر کەسێکی دەپرسی هەموو کەس بەوی ئاشنایە

حیساب ناکرێ یــەکجار غــەم خــۆر بــوو بــۆ کــوردان
هەوڵدەرێکی ڕەسەن بوو بۆو خاکو گەلەی بێ کیــان

چــــۆن هەڵنــــەرژێ فرمێــــسک لەچــــاوەکانم
بۆ لەو مامۆستایە بــەرزەی دڵسۆزەکەی نیشتمانم

Scanned by CamScanner

لەهەولێرەوە دەبینم هەڵەبجە تەعزیە بارە
چونکە ژانی کیمابارا‌ن هاتەوە گیانی دووبارە

مامۆستا گیان زۆر ماندوو بوی بۆ ئایینت لەم ژیانە
دەبنوو ئەوجا تاکو دوا ڕۆژ مردنی تۆ مانگ گیرانە

دڵنیابە ئەوەی کردت لەخزمەتی دین و وڵات
دەبێتە پێشەنگی ئێمە تابەردەوام بین لە خەبات

بەخزمەتی عیلم و دین و خودا ناسی و تەقواداری
بۆ هەموو لایەکت سەلماند بۆ دینەکەت وەفاداری

هەزاران ڕەحمەتت لێ بێ مامۆستا گیان گۆڕت پڕ نور
ئەی حەق بێژ و موجاهید و خاوەن حەوسەلەی بێ سنور

گەلێ زۆرن چاو بەگریان بۆ تۆ وەک منی (پیرەلاو)
هەموو دەمێ لەیاد مانی مامۆستای دانا و کەڵە پیاو

٢٦/محرم/١٤٢٠
١٩٩٩/٥/١٢
هەولێر

(١) بۆ وەفاتی مامۆستا ملا عوسمان عبدالعزیز رابەری رابونی ئیسلامی لەکوردستان

Scanned by CamScanner

مۆتەکەی (٩٦)

وای بەندیخانـــــە چـــەندە دزێــــوی
لەبـــەر دیـــدەی مـــن هـــەروەکو دێـــوی
شــــەرتە تامـــــاوم ناحـــــەزی تـــۆ بم
لــــەلات بـــێ ڕێـــزم هـــەروەکو کێـــوی

ژیـــان لـــەناو تـــۆ قـــەت ژییـــان نیـــە
حورمـــەتی ئینـــسان لـــەلای تـــۆ نیـــە
هاتومـــــە ژییـــان هـــەتا ئـــازاد بم
کەچـــی ژیـــنی مـــن لات کۆیلەییـــە

چـــــونکە پـــــەیڕەوی پـــــەیامی دادم
لــــەم ژیانـــــەدا وانــــــاەرادم
هەرکەســـێ لەگـــەڵ ڕاســـتیدا بـــژی
باوانـــەزانیو نـــەش لـــێ ئـــازادم

گەرچـــی لـــەکونجی زینـــدان میـــوانم
بـــەلام پتـــەوە بـــیرو ئیمـــانم
ژیـــان هەروایـــە پـــڕ ئیمتیحانـــە
بـــەس لەهـــەر کـــوێ بم خولیـــای قورئـــانم

Scanned by CamScanner

ئــاخر هەتاکــەی ژیــن بۆمــە تــاڵ بــێ
ڕۆژی خۆشــیمان زینــدان و چــاڵ بــێ
خــۆ بەندیخانــە جێــی خائینانــە
حەیفــە ئێــستاکە جێــی پاکــەکان بــێ

بۆیــە بــەڵێن بــێ هــەتا لــە ژیــنم
پــڕ بــەدڵ و گیــان لــەتۆ بــەقینم
هــەروەك مۆتەکــە دێیــە پــێش چــاوم
دەســتت ناوەتــە بــڕین و بیــنم

٢/محرم/١٤١٧
١٩٩٦/٥/١٩
هەولێر/ بەندیخانە

Scanned by CamScanner

ئیسلامو ئەورۆ

ڕاستە فەرمودەی پێغەمبەری خوا
ئیسلام ئەورۆکە پۆلووە ئاگرێکە
بژی ئەو کەسەی لەدەستی ئادا
بۆ ئایینی خۆی وەک بیلالێکە

هەر کەس کەئەمڕۆ لەخوا بترسێ
توانجی لێدەدرێ لای هەموو کەسێ
ناووناتۆری بۆ هەڵدەبەستن
هەتاکو خەڵکی ڕاستی نەبیستن

سیواکی دەستم زۆر نامۆ بووە
مزگەوتەکانیش تەواو چۆڵ بووە
گەنجو لاوانم مەستو سەرخۆشن
دایکو خوشکانیش بەبێ سەرپۆشن

کەی موسلمانان وەک ئێمە بوونە
تەنها ئاواتمان دەوڵەمەند بوونە
ڕیشو حیجابمان لەلا نەماوە
دینی پیرۆزمان بەس ناوی ماوە

Scanned by CamScanner

موســــلمانینه باوەڕدارینــــه

ئــــازاری دۆزەخ گـــەلێ بەتینــــه

گــەر ژانـــی دنیـــا بـــچێژین هـــەموو

بالـــەڕێی خـــودا لانـــەدەین بـــەموو

شەوی ٢٠/٢١ی/ شوال/١٤٢٣

٢٤/٢٥ی/١٢/٢٠٠٢

هەولێر– ١١ی شەو

Scanned by CamScanner

وشیار ببنەوە

گـــەر دۆســـتایەتی هـــەر بـــۆ خـــوا نـــەبێ
هاوڕێـــت جێـــی بـــڕواو متمانـــە نـــەبێ
بۆشـــینو شـــاییت ئامـــادە نـــەبێ
پـــشتی تـــێ بکـــەو مەیکـــەی بـــە هـــاوڕێ
چـــونکە لەگـــەڵتا تـــەواو ناکـــارێ

* * *

ئەگـــەر دراوســـێ جێـــی بـــڕوا نـــەبوو
هـــەر خۆپەرســـتو وەك بێگانـــە بـــوو
بـــۆ عـــەیبو عـــارت وەك ئیزاعـــە بـــوو
وامـــن پێـــت دەڵـــێم باشـــی بزانـــە
کەدراوســـێی وەهـــا هـــەر ســـەرەتانە

* * *

هـــەر کاســـبکارێ خیانـــەتی کـــرد
بـــەگوێرەی توانـــا خـــۆی مانـــدوو نـــەکرد
کـــاتێ کارەکـــەی هـــەر بەســـەر دەبـــرد
تـــاوانی زۆرە بـــێ شـــك و گومـــان
خەجاڵـــەت بـــارە لـــە ڕۆژی پەســـلان

* * *

Scanned by CamScanner

کەســـــانێک هەنـــــە زۆر دەوڵەمەنـــــدن

تـــەنها کاریانـــــە هـــەر پـــارە ســـەندن

دوورن لــــە خێـــــرو لەچـــاکە کـــــردن

ئەوانــــــە ماڵیـــــان بۆیــــان بەڵایـــــە

پاشەڕۆژیـــــــشیان عــــــەزابی خوایــــــە

* * *

Scanned by CamScanner

سۆزێك بۆ یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

بەناوی خوای بەرزو توانا   بەدیهێنەرو بیسەرو زانا
سوپاس بۆ ئەوە کەبەخشندەیە   بۆ تۆبەکاران زۆر سۆزی هەیە
درودو سڵاو وەکو بارانە   دەکەم بەدیاری پڕ لەڕەیحانە
بۆ زاتی پاکی ڕووناکی زەمین   پێغەمبەرەکەی ناسراو بەئەمین
هەم بۆ یاران ئاڵو بەیتەکەی   شوێن کەوتوانی دینە پاکەکەی

ئارەزووم وایە بنووسم شیعرێ   گەر خوا حەزکا بمداتێ فکرێ
بۆ ویلادەتی فەخری عالەمین   خۆشەویستی خوای بەهێزوو موعین
هەرچەند پێنوسی منی تاوانکار   زۆر بێ هێزترە لەئاستی سەردار
بەڵام دەنووسم بەڵکو خوا بکا   لەڕۆژی پەسلان تکام بۆ بکا
بم خاتە ڕێزی ڕزگار کراوان   هەتا وشك بێ فرمێسکی چاوان
چونکە عەودالی ڕوناکی ئەوم   عەشقی ڕێی پاكو خاوێنی ئەوم
خوا وەسفی دەکا بەخێرو ڕەحمەت   ناهێڵێ لەژین زیللەت میحنەت
هەروەکو چرا تەشبیه کراوە   تاجی گەورەیی لەسەر نراوە
ترسێنەرێکە بۆ تاوان باران   مژدە دەریشە بۆ چاکەکاران
نورەو هەر نوری والێ دەبارێ   نوریشی هێنا بۆمان بەجارێ
خۆشەویستی خواو فریشتەکانە   سەردارو گەورەی پێغەمبەرانە
دەعوەت کراوە بەرەو ئاسمان   بەرز بۆتەوە بێ شكو گومان
هەر حەوت تەبەقە ئاسمانی بڕی   لەگەڵ جبریلا تاسیدرە فڕی
ڕۆیی تاگەیی بەقابە قەوسەین   بابی فاتمەو باپیری حوسەین
هەروەکو دەڵێ شێخی مەولەوی   لەو دوو دێرەدا ڕەحمەتیش لەوی

Scanned by CamScanner

ڕێی چەند هەزار ساڵ طەی چەند حیجابات — زاتی حەق کەلام سوئال جەوابات

چوو بوو دی بیستی کریا دریاوە — هاتەوە حەلقە هەر دەلەریاوە

خەم خۆری گەل وئومەتی بووە — شەوتا بەیانی کەمێ نووستووە

داد پەروەرانە دەجولایەوە — بەبیستو سێ ساڵ دەنگی دایەوە

دەستی هەژارو ماندووی ماچ دەکرد — حەسودی بەهیچ کەسێ نەدەبرد

لەناو منالان سلاوی دەکرد — گفتوگۆی خۆشی لەگەڵیان دەکرد

مافی منداڵان هەر ئەو دەیزانی — ماچی دەکردن وەک کۆرپەلەکانی

ئافرەتی کردە خاوەن مافی خۆی — هەتاکو بژێ بەئارەزووی خۆی

لەزیندەبەچاڵ ڕزگاری کردن — لەمیراتیشا هاوبەشی کردن

دەجا ئەی دایکو خوشکی بەوەفا — سەلاوەت بدەن لەسەر مستەفا

هیچ نەفسی نەبوو لەگەڵ یارانی — دەژیابێ ترسو وبەکارمەرانی

گەورەی وەکو ئەو نەبووە لەجیهان — بەفیدای ئەم ڕوحو دڵو گیان

حەزی نەدەکرد لەبەری هەستن — وەکو ئەوانەی خوێن خۆرو مەبەستن

بەڕاستی خۆشە یادی پێغەمبەر — هەزار سەلاتو سەلامی لەسەر

لێبوردنیشی لەبەر چاوانە — باشترین شاهێد فەموودەکانە

گشت بیستومانە (انتم طلقاء) — دەوترێتەوە تاماوە دونیا

سەخاوەتیشی ئەوەندە دیارە — حیساب ناکرێت نایێتەوە ژمارە

ووشەی (نا)ی ئەبەت نەدرکاندووە — خواوەند بۆ خۆی وای ڕام کردووە

چیتان بۆ بڵێم وەچۆن بتوانم — بەبێ هێزی خۆم هەم پیتەکانم

تابکەم وەسفی محمد امین — شەفاعەت کاری خەڵکی مذنبین

خۆ هەتا ماوم بنوسم هەڵبەست — دڵیام کەوا ناگەمە مەبەست

Scanned by CamScanner

ئـــــەوا لێـــــرەدا بەشـــــەرمەزاری ئەم دەسکە چیلە دەکـەم بـەدیاری
ئـــیتر کۆتـــایی دێـــنم بـــەگفتار یـاخوا ڕزگـار بـین لەشـەوانی تـار

لەکۆتاییــــدا دوو دوعــــا دەکــــەم جـابڵێن ئـامین تکـاو لـێ دەکـەم
ئــەی خــودای گــەورە خــالقی مــەننان پاشـای بـەتوانا گـەورەو میهرەبـان
پەرتـــەوازەیی‌و لەیـــەک دابـــڕان کۆتایی پێ بـێ بـۆ خـاتری قورئـان
ئــــەوجا هـــەمووومان کۆبکەیتـــەوە لــەناو بەهەشــتا جــێ بکەیتــەوە

بگەینـــە خزمـــەت خــۆت‌و پێغەمبـــەر ئەوسـا تـا بڵێـی دەبـین بەختـەوەر
ئــیتر (پــیرەلاو) هەگبــەی بــەتاڵ بــوو بۆتانی دەرخست چـی لـەدڵ دابـوو
خوایـــە برێـــژە لـــەویادە خۆشـــە کەدڵمان یەکجار زۆر بۆی بەجۆشـە
هـــەزاران ســـەڵات هـــەزاران ســـەلام بـۆ سـەر پێغەمبـەر علیـە الـسلام

١٢/ ربیع الاول/ ١٤٢٢
١٣/جۆزەردان/ ٢٧٠١
٢٠٠١/٦/٣
هەولێر – ٧ی ئێوارە

Scanned by CamScanner

تەندروستی نیعمەتە

تەندروستی نیعمەتە ئـەی بـرای ژیـرو ۆشـیار
شوكرانەی لەسەر بكە لەجیاتی جارێ سەد جار

كاتێ كەوا لەش ساغی خودا فـەراموٚش مەكـە
لەئاستی خواپەرستی هیچ كـات درێغـی مەكـە
لەش ساغی توٚ كاتیە هەر ساغ نـابی هەمیـشە
ئـیتر بـێ ئاگـا مەبـە لەچـاكە سـستی مەكـە

گەر حەز دەكەی بزانی تەندروستی چەندە خوٚشە
بڕوٚ سەردانی ئەو كەسەی لەسەر جێیەو نەخوٚشە
جـووان وەزعـی ببینـە چـەندە حـاڵی بـێ حاڵـە
چ خـــواردنێ شـــیرینە لـــەناو دەمیـــدا تاڵـــە

تاعــەتی پــێ نــاكرێ لــەرزوٚرك و پەرێــشانە
هات و هـاوارو ناڵـەی وەك هـەوری بەهارانـە
جابا كاتێ لەش ساغین بوٚ دوارِوٚژێ هەولـدەین
نەك لەكاتی نەخوٚشی دەستان لەئەژنوٚ بدەین

Scanned by CamScanner

پەند وەرگـرتن پێویـستە لەسـەردانی نەخۆشـان
ئەرکە لەسەر ساغەکان بـۆ قیامـەتێ تـێ کۆشـان
ئـــەوا دەردو نەخۆشـــی ئـــەورۆ لـــەوان میوانــە
ئـــەوان دەڕۆن و ئـــیتر جـــا ئێمـــە نۆرەمانـــە

کـاتێ ئێمـەش نـەخۆش بـوین کەوتینـەجێ خەڵکینـە
ئـــەوجا بـــاش تێدەگـــەین کەکاتییـــە ئـــەو ژینـــە
دەبـــێ بـــزانین نەخۆشـــی ئینـــزارە بـــۆ مردنمـــان
با تاماوین لەش ساغین بۆ خوا کەچ کەین گـەردنمان

١٣/١٤/شوال/١٤٢٢
٢٨/٢٩-١٢-٢٠٠١
هەولێر - ١٠،٤٥ شەو

مەنەلۆژی -بایەعی ئەرزاق-

وا ڕووو لەئێوە دەکەم
ئەی بایەعی شەکرو ڕۆن
زۆر زۆر لەخوا بترسن
مەواد مەگۆڕن بە کۆن

* * *

چونکە بایەعی ئەورۆ
کەمیان لە خوا دەترسن
هەتا لەبۆیان بکرێ
بۆ لای خۆیان دەپچڕن

* * *

کاتێ کەسەیرم دەکا
دەچم لەبۆ ئەرزاقی
بەپرتە پرتو بۆڵە
دەمکوژێ بەمەراقی
دەڵێ جۆرکت هێناوە
ئەدی پەقردج بۆ ڕۆنی
کەی ئەوە کاتی هاتنە؟!
لەجیاتی چاکو چۆنی

* * *

ئەمن واپێتان دەڵێم
بەسە ڕژدیو ڕەزیلی
لەوەی تۆ دەیدەی بەمن
غەصبە چونکە وەکیلی

Scanned by CamScanner

که ئەو ڕزقەم دەداتێ
هێندەی لەشانی گرانە
دەڵێی ماڵی باوکیەتی
دەیبەخشێ لەودوکانە

* * *

هەندێکی تریان هەیە
مەوادی دەشارنەوە
هیچ حیسابێکی ناکەن
بۆ ڕۆژی هەستانەوە

بایەعی واشیان ماوە
قسەی وەکو شەکراوە
هەر کە چوی بەرێت دەکا
هەموو شتی بۆت داناوە

٢٦/رجب/١٤٢١- ٢٤/١٠/٢٠٠٠

هەولێر

١ ی دوای نیوەڕۆ

Scanned by CamScanner

قورئانەکەم

قورئانەکەم
یاسا جوانە ڕەنگینەکەم
پڕ بەسینەم
خۆشم دەوێی
ئەی شارێگە دێرینەکەم
تۆ چرایەك بوی داگیرسای لەجیهانی پڕ لەستەم
تۆ مژدە بووی
هەر کە هاتی
بۆ هەموو چەوساوەکانی دەستی ستەم
تۆ مایەی نەمانی خەم بوی
هەر کە هاتی شادیت هێنا
بۆیە ئاوازو پەرت بوی و ناحەزت هەرەسی هێنا
هەرچەندی هێزی تاریکی
هەوڵی داو ویستی ڕات گرێ
بەلاّم ئەتۆ بەهێزتر بوی
دەزانی بۆ!؟
چونکە تۆ یاسای خودا بوی
دۆستی هەزارو نەدارو
چینی کۆیلەو بێ نەوا بوی

Scanned by CamScanner

هۆ شا ڕێگەی بەختەوەری

من قوتابی

قوتابخانەی پڕ لەمیهرو لەسۆزی تۆم

من میوانی

بەبێ ئەرکی سفرەی ڕازاوە جوانی تۆم

هەر چۆنێ بێ

چارم نییە هەردەبێ جێگام کەیتەوە

خەم‌و ناسۆری چەند ساڵەم

بۆ دوا جار لەبیر بەیتەوە

١٣/ شعبان/ ١٤٢٣

٢٠٠٢/١٠/١٩

هەولێر

٧ ی ئێوارە

Scanned by CamScanner

شادی دەبارێ

خۆشی و شادی وا دەبارێ
ئەو ساڵ
لەوپیرە هەولێرە
چ شانس‌و بەختێکی چاکە
دایگرتووە
ئەو وڵاتە دەرون پاکە
لەهەر مزگەوتێ دەبینی
ئاهەنگ‌و شادمانییە
گوڵ پێ دەگەن باغی زانست ڕۆشن دەکەن
ئەها لێرە لەو مەڵبەندە
سێ چرای گەش دادەگیرسێن
لەو مزگەوتەی گەردیی بێ گەرد
شەوقی زانسێ وەردەگرن
لەوزانایە
پایە بەرزە
کەیەک لە (ثورەییا)ی سەر ئەرزە

٣/شعبان/١٤٢٣ - ٢٠٠٢/١٠/٩
چوارشەممە- هەولێر

لەبۆنەی وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی بۆ بەڕێزان (ملا عیماد گوانی‌و ملا نوزادو ملا عبدالعزیز) لەمزگەوتی مامۆستا ملا محمد سلمان پاك ئەم هۆنراوەیە نوسراوە لەكاتی گێرانی ئاهەنگەكەو بەدەنگی دانەر هەر لەوێ خوێنرایەوە.

Scanned by CamScanner

هۆ بیتوێن

هۆ بیتوێنی جێی ڕاپەڕین
باش دەزانم
کاتی خەڵکی هەڵ دەزەلین
کاتیَ خۆ فرۆش
هەڵدەپەڕین
تۆ ڕاپەڕیو هەڵمەتت برد
بویە مۆمێکی داگیرساو
سرِین لە چاوانمان ئەسرین
مژدەت دا بەهەموو لامان
لادیَ نشین وهی شاران
وتت پایزمان بەسەرچوو
ئیتر هات وەرزی بەهاران

٢/رجب/١٤٢٣
٢٠٠٢/٩/١٠
هەولێر
٦ی بەیانی

Scanned by CamScanner

زۆر لەمێژە [٢]

زۆر لەمێژە
ئەو وڵاتە گۆمی خوێن‌و نگرۆی ژانە
کۆیلەی
دەستی فیرعەونەکەی
عوجەو عەفلەق‌و زیندانە
زۆر لەمێژە
گەنج‌و لاوی وڵاتەکەم
تامەزرۆی بەهارو شادین
عەوداڵی ڕۆژی سەربەستی‌و
ژییانی ئاسودەو ئازادین
لەمێژ ساڵە
مناڵە بێ نازەکانمان
دایکانی جەرگ سوتاوو
کرێکارانی ماف خوراومان
چاوەڕێی ڕوناکیان دەکرد
کەسێ نەبوو
فرمێسکی چاوانیان بسڕێ

(١) بەیادی ڕوخان و نەمانی فیرعەونی سەدەی بیستەم و دەسەڵاتەکەی دانراوە.

گەلێ گەڕان
لێرەو لەوێ
قەت کەسێکیان بەدی نەکرد
باری خەمانیان سوک کاتو گرێ لەژییانیان ببڕێ
بەڵام ئیتر
مژدەو لێبێ گەلۆ مژدەی شادومانی
مژدەی ڕوخانی صەددامو
هەموو چڵکاو خۆرەکانی
شوکر بۆ خوا
بەو چاوانە دیم کەڕوخا
کۆشکو خانوو
سەرجەم پەیکەرەکانی
من دڵنیام ئالەو ساتە
گیانی گشت شەهیدەکانم
شەهیدەکانی هەڵەبجەو
خۆشناوەتی و بادینانم
زۆر ئاسودەو
بەئارامن
خۆزیە بەشدار بان لەگەڵمان
لەوئاهەنگەو لەو خۆشیە

Scanned by CamScanner

کەسەرجەم خاکو وڵاتمان

پاک بۆتەوە

لەوخوێن ڕێژەو لەو پیسییە

ئەو ژییانە ئازادییە

دەبێ خەو بێ

یاخود ڕاستی

ئەفسانەیە یا ڕوداوێکی واقیعی

لۆمەم مەکەن

هۆ خەڵکینە

گەر هەندێ قسەم لەجێ نەبێ

چونکە وا تازە فێر دەبم

دەرببڕم وشەی ئازادی

وەک منالّی بچوک وامەو

خەریکە تازە پێ دەگرم

ڕێگەم بدەن

تا بەجیهان ڕاگەیەنم

کەمن ئەمڕۆ هەست پێ دەکەم.... خۆ ئینسانم!

ئەمڕۆ مانای بونی خۆمو

خاکو وڵاتم دەزانم

بۆیە لەهەموو جیهانا پڕ بەدەنگم

Scanned by CamScanner

هاوار دەکەم

دەڵێم بژی ژییانی سەربەستی

بڕوخێ کویلەیو ژێر دەستی

سڵاو لەهەموو ئەوانەی

عەشقی ئازادی ژیانن

بۆ داد پەروەریو ڕزگاری

چەوساوەو غەدر لێ کراوان

بەشەو ڕۆژ لەمەیدانن

دەك ڕیسوا بن ئەو کەسانەش

کە چڵکاو خۆری بێگانەن

بۆ گەلیشیان سەرەتانن

٦/ربیع الاول/١٤٢٤

٢٠٠٣/٥/٧

هەولێر

Scanned by CamScanner

ژوانی خواناسان

خودای گەورە بەناوی تۆ
من دەستم دایە قەڵەم‌و
هەر بەویست‌و
ئیرادی تۆ
یارمەتیم دە
تا بنوسم وەصفی مانگی پڕ لەشکۆ
پەنا دەگرم بەتۆ خوایە
کەبنوسێ
پێنوسە کڵۆڵەکەی من
ئەو وشە نالەبارانەی
زیانی بۆ دینم تێدایە

* * *

هۆ ئەویندارانی ڕاستی
عاشقانی
ڕێگەی سەربەرزی‌و تەزکیەو خوا پەرستی
ئێمە ئێستا
لەپێش وازی میوانێکین
کەلادەبا چڵکی تاوان سستی‌و پەستی

Scanned by CamScanner

زۆر دەمێ بوو

چاوەڕێ بوم بێتەوە لام ئەو ئازیزە

زۆر دەمێ بوو

تامەزرۆبوم

دەرونم ڕۆشن کاتەوەو

سارێژیکا زامەکانم

ئیتر ئۆخەی وانەمردم

جارێکی کەش

وابۆتە خانەقای منو

منیش صۆفی موریدی ئەو

* * *

لەوەتی من وەبیرم دێ

ئەی ئەوینە

خەڵوەت گاکەی دڵ بێ داران

زیاتر لە (٢٠) جار ویداعو

مەرحەبامان لێک کردووە

هەر جارێ کە هاتویەوە

بەرەکەتی تۆ لەجاران زۆر زیادو

بەفەرتر بووە

Scanned by CamScanner

بۆیە منیش

بەهاتنەوەی هەر جارێکت

عەشقم بۆت زیادی کردووە

تا گەیشتۆتە ئەو ڕادەی

بەویداعت زۆر جار ئەسرینم ڕشتووە

ئەی مانگە پڕ لەمیهرەکەم

تۆ کاتەکانت ڕۆژو شەو

جێگەو ژوانی خواناسانن

ئەو عاشقە دڵ پاکانەی

تامەزرۆی دەرگای ڕەییانن

بۆیە هەر ساڵێ کە تۆ دێی

بەکاڵاو بەرگێکی تازە

بەتۆبەیەکی نەصوحو ڕاستو دروستو ناوازە

بەخێر هاتنت لێ ئەکەن

* * *

ئەی بەهاری قورئانەکەم

تۆ زۆر روح سوکو بەرێزی

جیاوازی بە هیچ کەس ناکەی

هەر لەیەکەم رۆژی خۆت دا

Scanned by CamScanner

سڵاو لەگشت کەسێ دەکەی

گەورەو بچووك

لەژن و پیاو

لەگیراو ئازاد کراو

هی سێ بەرو هی بەر هەتاو

بەڵێ بەڵێ سڵاو دەکەی

چونکە تۆ عەشقی سڵاوی

لەو مرۆڤە بەخشەرانەی

دڵی نەداران خۆش ئەکەن

لەو مناڵە هەتیوانەی

باوەش نیە ڕووی تێبگەن

سڵاو دەکەی سڵاوەکەت بەردەوامە

بۆ گیانی ئەو شەهیدانەی

خوێنییان بەناحەق ڕژاوە

سڵاو دەکەی لەعوسمانی خاوەن حەیا

لەحەیدەری ئامۆزاکەی رسول اللّٰه

لەکوردستانی بریندار

لەشەهیدانی هەڵەبجەو

ڕۆڵەکانی ئەنفال کراو

لەمامۆستاکەی کونەفلوسەو

Scanned by CamScanner

دکتۆری لەسێدارە دراو
لەگیانی مامۆستای بەرزم
ملا عومەرەکەی تیمار
کەلەومانگە پیرۆزەدا
ڕۆژیان لێ کردە شەوی تار
ئیتر ئەم مانگە پڕ خێرە
لەم جیهانە کەس نامێنێ
لەئاستی خۆی سلاوێک و
ڕەحمەتێکی بۆنەنێری

* * *

دەسا گەلۆ
هۆبراینە
بائێمەش چوست و وریا بین
خێرا وەلامی دەینەوە
لەساڵی ساڵان زیاتر
پێش وازی لێ بکەینەوە
پێش وازیێ لایەقی بێ
لەئاستی قەدرو قیمەت و پلەو شان و شەوکەتی بێ
ئەو میوانێکی وانیە

Scanned by CamScanner

کەباری خەڵک گران بکا

بەڵکۆ زۆر باران سوک دەکا

دڵی هەژاران خۆش دەکا

یەکسانیمان بەرپا دەکا

برایەتیمان بەهێز دەکا

بڕوامان بۆ پتەو دەکا

غیرەت لەدڵمان زیاد دەکا

سەری ناحەزمان شۆڕ دەکا

شۆڕشێکە

هەر چوار پەلی شەیتانەکان

تاکو جەژن زنجیر دەکا

* * *

ئەی خوایە گیان

ئیتر وا ئێستا خەریکە

هێدی هێدی

لەگەڵ مانگی ڕەحمەتتدا

دەست لەملانێی یەکدی دەبین

دەسا منیش

ئەی خالیقم

Scanned by CamScanner

دەمەوێ لەو فورسەتەدا

بێم زوو خۆ بدەم بەدەستەوە

تۆش بەمیهرو بەزەیی خۆت

دەرگاکەی لێ بوردنی خۆت

لەمن و هەموو دانیشتوانی

ئەم کۆڕە پیرۆزە بکەوە [١]

٢٧/٢٨ی/ شعبان/١٤٢٤

٢٣/٢٤ی/١٠/٢٠٠٣

هەولێر

(١) لەبەرواری نووسینی ئەو شیعرە ئاهەنگێکمان گێڕا لەمزگەوتی (الصحابە) بۆ پێشوازی لەمانگی رەمەزان بەئامادەبوونی کۆمەڵێ لە مامۆستایانی شاری هەولێرو کۆمەڵێ لەگەنجان و پیرانی ئەو شارە دین پەروەرە، جا لەو ئاهەنگەدا ئەو شیعرەم خوێندەوە کە هەر ئەوکاتیش نووسیبووم.

Scanned by CamScanner

بولبولێکی لەقەفەس کراو

هۆ بولبولە جوانکیلەکە
ڕەونەق دارو
ئەویندارو
ئەی دەنگ خۆشە نەشمیلەکە
خۆ تۆ هۆی شادی دڵانی
ڕەمزی هەموو باڵدارێک‌و
نوێنەری گشت دارستانی
بۆ واماتی
بۆ ناخوێنی
خۆ هەر تۆی ڕەمزی وڵاتی
ئەی بولبولی جوان‌و نەخشین
مایەی نەمانی خەمان‌و
نەبارین لەچاوان ئەسرین
خۆ تۆ هەر شادی بەخش بوی
بۆچی ئێستا
پەرێشانی
بۆمان ناخوێنی
وەک جاران
هەتاکو خەم بڕەوێنی

Scanned by CamScanner

لەسەر دڵی لێو بەباران

* * *

هەر لەو ئان و ساتانەدا
دەنگێک هات و
بەتەنگاوی
لەدەرگای هەستی منیدا
پێی وتم چەندە بێ ئاگای
بێ هەواڵ و سەرگەردانی
بۆچی نازانی
کە بول بول
لەبەرچی وا پەرێشانە
بۆ وادوورە
لەخوێندن و بەزمی شەوان و ڕۆژانە
نەت بیستووە کەوا بولبول
بولبولی ناسک و باڵ ڕەنگین
خۆشەویستی
دڵی هەموان
ئێستا لەقەفەس کراوە
هەر چوار دەوری
بەدارو داو هەڵچنراوە
دارو داوێ

هەروەک ابن عبدالرحمان
پەتی لەچاوان بەستراوە
حیصاری خوێندنو تەعمەی
لەسەر دەمی دانراوە
ڕوناکی ڕۆژی پڕشنگدار
هەور ڕێگای لێ گرتووەو
دنیای تاریک داهێناوە
* * *
لەگەڵ بیستنی ئەو دەنگە
ئەو هەواڵەی کەوا باسکردنی نەنگە
هەناسەیەکم هەڵکێشاو
فرمێسکی لەچاوان هێنام
بەدەم هەنیسکو گریانم
وتم توخوا
کەی وەفایە
کەی ئائەم کارە ڕەوایە
بولبولی جوانو سەدا خۆش
لەکونجی قەفەزێ بکرێ
خۆ بولبول وەکو باز نیە
گۆشتی مردوو زیندوو بخوا
وەکو گورگی

Scanned by CamScanner

هاریش نییە

ڕانەمەڕی کەڵو کۆم کا

وەک مرۆڤی ستەم کارنیە

ڕەنجی شانی

خەڵک بخوا

* * *

نانا ئەی ئازیزەکانم

بولبول ڕوخۆش‌و بەڕەحمە

عەشقی چاکەو شادی بەشخە

تا بڵێی جوان‌و دڵ نەرمە

لەبیرم دێ

وەکو ئێستا

کاتی کیماییم لێ دەدرا

دایک‌و خوشک‌و

باوک‌و برا

بۆ شوێنی نادیار دەبرا

کاتێ (٥)هەزار ئاوابیم

بەسەریەکدا کاول کرا

ئەو کاتەی مزگەوتەکانم

بە (TNT) خاپوور کرا

ئەو سەردەمەی

Scanned by CamScanner

کە قورئانە بەرنامەکەم

پەرپەڕ لەئاسمانێ دەفڕی

ئەو ڕۆژەی

سۆران‌و جزیرە

دەدرا نەبەر ڕێژنەی گوللە

ئا لەو سات‌و کاتانەدا

لەو ڕۆژە پر سامانەدا

زۆرێ لەمیللەت فرۆشان

لەنۆکەرو گوی لەمست‌و

لەوانەی (نوط الشجاعة) لەشان

دەست خۆشیان لێ دەکردن

بەلاَم بولبولی لەقەفەس کراو

وەک من ئاسا

دەگری‌و فرمێسکی دەباراند

ئاوازی خوێندنی گۆڕی

پرسەی لەناو دارستانا

بۆ ئێمەی مەزلوم ڕاگەیاند

* * *

کەی ئەوە ڕاست‌و

ڕەوایە

کێ ئەو مافەی بەوان داوە

Scanned by CamScanner

ئەوبولبولە لەقەفەس کەن
وەک کۆتره باڵ بەخوێنەکەی
سەردەمی فیتنەو ئاژاوەی
خەلقی قورئان
توشی دەردو ئازارێ کەن
سەد حەیفو زۆریش مخابن
کە دەبینین ئەو تەیرە ناسکو جوانە
زیاد لەگشت جێ
لەناو قەفەزێ میوانە
نەم دەزانی
بولبول لەگەڵ بازو گورگا
کۆتری جوانو ڕەمزی ئاشتی
لەگەڵ مارو دوپشکەدا
لەناو یەک تەرازوو دەکرێ
* * *
هەی ئافەرین باغەوانان
بەڕاستی چاکتان لێ زانی
بەتەواوی لێکو دابڕی
دۆستو ناحەزی خۆتانو
نیشتمانو ئاوەدانی
ئیتر دوا وتەم بۆ ئێوەش

Scanned by CamScanner

ئەی باڵدارانی دارستان
ئەی قوتابیو هاوەڵانی
بولبولی لەقەفەس کراو
دڵ تەنگ مەبن
جێگای ئێوە دارستانە
پڕ لەشیووکەندو لەندو هەڵدیرانە
سەیری ڕابردوی خۆتان کەن
چەندین کۆترو باڵداری جوان
لەم دارستانەدا ژیاون
بەڵام ژیان دەوام ناکاتو کاتییە
تەنها یەک شتە دەمێنێ
جوانیو سودو کەڵکی ئێوە
هەردەم لەبەر دیدەمانە
خۆشی بۆ هەموومان پێوە
دە ئێوەش ئارامی بگرن
ئەوا شادیتان بەڕێوە

١/٢ی/ شعبان/١٤٢٣
٧/٨ی/ ١٠/٢٠٠٢
هەولێر

Scanned by CamScanner

سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ڕێزم لەناخی دڵمەوە ئاراستەی برای بەڕێزم کاك (سەید محمد) دەکەم خاوەنی کتێبخانەی (حاجی قادری کۆیی) کەخەمی لەچاپدانی ئەم شیعرانەی منی گرتە ئەستۆ یاخوا هەرسەکەوتووبێ و بەردەوامبێ لەچاکەو وێنەی زۆربێ.
- زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کەهاندەرم بوون بەتایبەتی مامۆستا بەڕێزەکان و برایانی سرودبێژو سەرجەم خوشکان و برایانی موسوڵمان کەهاندانی ئەوان تین و تەوژمێکی چاك بوو بۆ بەردەوام بوونم لە نووسین.
- زۆرسوپاسی ئەو ئازیزانە دەکەم کە بەجوانترین شێوازی ئیسلامی ڕەخنەو پێشنیارەکانیان بۆم ناردووەو دەینێرن بۆ بەهێز کردنی هۆنراوەکان.
- وەزۆر سوپاسی هەمووئەو بەڕێزانە دەکەم کەلەژیانمدا چاکەیان لەگەڵمدا کردووەو بەخەمی منەوە بوونە لەهەموو بوارەکانی ژیانمدا بەتایبەتیدا دانیشتوانی گەڕەکی کوردستان لەهەولێر.
- وەزۆر زۆر سوپاسێکی پێ پایانم بۆ برایانی خەت خۆشم کاکە (سەید هێمن بەرزنجی و کاکە هەڵمەت سۆربەشی) کەبەخەتی جوانیان هۆنراوەکانیان بۆ نووسیمەوە لەگەڵ سەرقاڵیشیان بەوانەکانی خۆیان.
- وەزۆر سوپاسی تەلەفزیۆنی کۆمەڵ کەناڵی چەمچەماڵ و رادیۆی دەنگی ئیسلام لەهەولێر دەکەم کەتاکە ڕاگەیاندن بوونە بەسەریان کردوومەوە.
- وەزۆر زۆر سوپاسی ئەوبەڕێزانەش دەکەم کەبۆ راستکردنەوەی هەڵەکان چاویان بەنوسینەکەمدا خشاندەوەو زۆر هەڵەی ورد هەبوو کەخۆم هەستم پێ نەکردبوو ڕاستیانکردەوە دووبارە سوپاسیان دەکەم

پیرە لاو

Scanned by CamScanner

دوا وتـــــه

لەدوماهیدا داوا لەخوای بەبەزەیی دەکەم کە ئەو نووسینە لەبەندەی تاوانبـاری خـۆی وەرگـریێو لەکـەمو کوریـەکانم ببـوریێ وەهیـوادارم موسـوڵمانانی کـورد زمـان لەهـەرکوێ هـەن سـوودی لـیێ وەرگـرن (ان شـاء الله).

داواکـــارم خـــوای گـــەورە لـــەخۆمو دایـــكو بـــاوکمو مامۆســـتا بەرێزەکانموسەرجەمی دۆستو ئازیزانم خۆشبێو هەموومان کۆبکاتەوە لە فیردەوسەکەی خۆی.

امیــــــن

٢/ربیع الاول / ١٤٢٦ کۆچی

٢٢/نەورۆز/ ٢٧٠٥ کوردی

١١/نیسانی / ٢٠٠٥ زایینی

Scanned by CamScanner

ڕیز	لاپەڕە	دێڕ	هەڵە	ڕاست
١	٧	١٦	نەبێتە (دووجار)	نەبێتە
٢	٧	١٦	فخرو	فەخرو فەخرو
٣	٧	١٧	بو بەکەسایەت	بۆ بەکەسابەت
٤	٧	١٧	بو گەران	بۆ گەڕان
٥	٢٦	١٦	دژن	دژت
٦	٢٧	١١	ڕێگای ئایین قەت بەرنادەین	ڕێگای ئایین بەرنادەین
٧	٣١	١	موسولمانین	موسولمانینە
٨	٣٢	١	جابا هەموومان	جابا هەموو
٩	٦٦	٩	مەجالە لەشەو	مەجالە ئەوشەو
١٠	٨٥	٥	هەم بۆ یاران	هەم بۆ یاران و
١١	٩٦	١٢	سەرجەم	سەرجەمی
١٢	١٠٨	٢	تەعمە	نەغمە
١٣	١١٣	١١	بەتایبەتیدا	بەتایبەتی

Scanned by CamScanner

چ مەدحێکت بکەم !؟

چ مەدحێکت بکەم لایەق بەتۆ بێ ئەی نووری چاوانم
چەندی بڵێم هێشتا کەمە هەر خۆم بەقەرزار ئەزانم
منی زەعیف و سەرگەردان چۆن حەق بیدا بە زمانم
بکا وەسفی گەورەیی تۆ قوربانت بێ دڵ و گیانم
خوا وەصفی کردی بەقوربان منیش هەر هێندەی دەزان
بڵێم فیدای خۆت و دینت گیان و ماڵ و سامانم

٢٥/ربیع الاول/١٤٢٠

١٩٩٩/٧/٩

هەولێر

Scanned by CamScanner